هاوکاری

(٨) لاپەڕە

نرخی (٢٥) فلسە

لە (دار الحرية) چاپ ئەکرێ

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتییە
لەدەزگای هاوکاری چاپو بلاو کردنەوەی کوردی دەرئەچێت

دار التضامن للطباعة والنشر الكردية

بغداد - شارع الجمهورية - ساحة الخلاني
هاتف ٦٨٣١١ ، ٦٨٣١٢ ، ٦٨٣١٣

HAWKARI Tel - 68311 68312, 68313.

ژمارە ٢٣٠ ١٦-٨-١٩٧٤

هاتنەوەی وەفدێکی عێراق لە مۆسکۆ

هەفتەی رابوردوو وەفدێکی پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب کە لە١٥ کادیر پێکهاتبوو ، وە بە سەرۆکایەتی بەرێز غازی مجدی ئەندامی مەکتەبی پەخش و راگەیاندنی سەر بەسەرکردایەتی نەتەوەیی بوو، دوای سەردانە دوو هەفتەییەکەی یەکێتی سۆڤییەت ، مسکویان بەجێهێشتو گەڕانەوە بۆ بەغدا ·

ئا·د·ع

١٠ ملیۆن دینار بۆ پڕۆژەی رێگاوبانی کوردستان تەرخان کراوە

لەشکری رێژیمی تاران دێهاتی جوتیارانی عومان ئەسوتێنێ

عەدەن : ئا·د·ع :ماوەیەکی دوورو درێژە رێژیمە فاشستییەکەی ئێران هێزێکی گەورەی ئەرتەشی ناردوە بۆ عومان بۆ کۆمەك کردن بە رێژیمە دیکتاتۆریەکەی عومان و بەگژاچونی شۆرشگێران و گەلی خلیج و عومان · وە رۆژی ١١-٨ بەرەی گەلی رزگار - یخوازی عومان و خلیج بەیاننامەیەکی دەربارەی ئەو تاوانانەی لەشکری تاران بلاوکردەوە تیایدا وتی :لەسەرەتای ئەم مانگەدا لەشکرە دەست درێژی کەرەکەی رێژیمی دیکتاتۆری ئێران کۆخ و ماڵ و خانوی جوتیارانی گوندی (الاجاص)ی لەهەرێمی رۆژهەڵات تۆپ باران کردوەو زیانێکی زۆری لەجوتیارو خاوەن مەڕومالآت و هاوولآتیانی ناوچەکە داوەو جوتیارێك کوژراوەو ژن و کچەکەشی بریندار بوون و ماڵەکەشی کاول بووە ·

بەیاننامەکە وتی : ئەرتەشی تاران دوای ئەوەی نەیتوانی تاقە تۆزقاڵێك سەرکەوتن وەدەست بهێنێ ، بێ پەروایانە تۆڵە لەهاوولآتی و خەلکی بێ گوناە ئەکاتەوەو بە تۆپ ماڵەکانیان کاول ئەکات ·

بەیاننامەکە لە کۆتاییدا وتی : ئەو تاوانانەی دوژمن ورەمان بێ بەرنادات ، بەڵکو هانمان ئەدات کە خەباتمان توندتر بکەین دژی دوژمن ·

• فۆرد بەڵێنی دا • سیاسەتی نیکسۆن بگرێتە بەر

واشنتۆن : ئاژانسەکان :پاش ئەوهەموو هەراو هۆریایەی دەربارەی مەسەلەی ووتەرگێت بەرپاکراو پروپاگەندەیەی دەربارەی بلاوکرایەوە ، ریچارد نیکسون پێی لەتاوانەکانی ناو دەستی لەکار کێشایەوەو بەچاوی فرمێسکاویەوە کۆشکی سپی بەجێ هێشت · وەجێرالد فورد لە جێگای دانراو کرا بە سەرۆکی ئەمەریکا ·

جیرالد فۆرد لەوتارێکدا کەلە ١٣-٨ لەکۆنگرێس دا خوێندیەوە بەڵێنیدا کە لەسەرهەمان سیاسەت بڕوات کە نیکسون دەربارەی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست گرتبویەبەر !·

هەروها پەیمانیدا کە سیاسەتی لە یەکێتی سۆڤییەت و چین نزیك بوونەوە بگرێتە بەرودانی پیادانا کە ئەمەریکا دووچاری گیروگرفتی ئابوری بووەو گوایە ئەو هەوڵ ئەدات بۆ چارەسەرکردنی ! فورد وتی : « نیازم هەیە کە لەساڵی ١٩٧٦ دا خۆم تەرشیح بکەم بۆ هەڵبژاردنی سەرکۆمار ·

لە لایەکی ترەوە بلاوکرایەوە کە بریجنێف سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی سوڤیێتی نیازی هەیە بەم زوانە بچێ بۆ ئەمەریکاو چاوی بەفۆرد بکەوێ ·

سەرلەنوێ شەر لە «قبرص» هەلگیرسایەوە

سەر لەنوێ شەر لەقبرص هەڵگیرسایەوەو پەیمانی ژووروی ئەتڵەسیش دووچاری گیروگرفتێکی گەورە بوو ، دوای ئەوەی یونان بڕیاریدا کە ئەندامێتی عەسکەری خۆی لەوپەیمانەدا کۆتایی پێ بهێنێ· وە لەلایەکی تریشەوە وتووێژەکەی جنێف سەرنەکەوت و لەشکری تورکیا دەستی کردەوە بەهێرش بردنە سەرولآتی قبرص و لەیونانیش چەند هێزێکی لەشکر بەرەو سنوری تورکیاو یونان کەوتەرێ و سەرلەنوێ لە پایتەخت و شارەکانی تری یونان‌دا یاسای باری نائاسایی (حالە الطواریء) چەسپێنرایەوە ·

ئاگاداران وائەگەیەنن کەئەو بڕیارەی یونان بۆ نارەزایی دەربڕین بووە دژی هەڵویستی پەیمانی ناوبراو بەرامبەر بەمەسەلەی قبرص و دووریش نیە ئەمە وابگەیەنێ کەیونان بەگژ تورکیادا بچێ ·

بڕیاریش وایە کە ١٨٠ ئەندامی لەشکری یونان کە لەبارەگای خواروی پەیمانی ئەتڵەسی لەناپولی ئیتالیا ئیشیان ئەکرد کارەکەیان بەجێ بهێلن و بگەڕێنەوە بۆ یۆنان · ئەوەی شایانی باسیشە لەگەل بەرپابوونی گیروگرفتی -قبرص- ٢٠٠ کەسی تری یۆنانی کە لە لقێکی پەیمانەکەدا لە ئەزمیر ئیشیان ئەکرد گەڕانەوە بۆ یۆنان ·

لەلایەکی ترەوە شەڕلەقبرص بەردەوامەو لەشکری تورکیا بەیارمەتی هێزی ئاسمانی لەرێگای نیقوسیا - فماگۆستاوە هێرش ئەبات ·

لە لەندەنیش وەزارەتی بەرگری بەریتانیا رایگەیاند کە ئەگەر بێتو دەست درێژی بکرێتە سەر هێزەکانی لەدوور گەکەدا ئەوا ناچارن ئەوانیش شەڕبکەن !

وە بەرەبەیانی ١٥-٨ سەر لەنوێ ئەنجومەنی ئاسایشی دەوڵەتان کۆبۆوە بۆ لێکۆلینەوەی هەڵگیرساننەوەی شەری قبرص · هەرچی چونێك بێ ئەم چەند رۆژەی داهاتوو رووداوی تازە لەگەڵ خویدا ئەهێنێ و مەسەلەکە بەلایەکدا ئەخات ·

ئاژانسەکان

✧✻✧

پەیوەندی نێوان کوباو ئەمریکا

هاڤانا : رۆیتەر : هەفتەی رابوردوو رائول کاسترۆ وەزیری بەرگری کۆماری سۆشیالیستی کوبا لەکاتی سەردانەکەیدا لەپیرۆ ، رایگەیاندکە ولآتەکەی ئامادەیە وتووێژ لەگەڵ ئەمەریکا بکات دەربارەی دامەزراندنەوەی پەیوەندی لەنێوان هەردوو ولآتدا بەمەرجێك ئەمەریکا ئەو ئابلوقە ئابوریە لابەرێ کە لەسەر کوبا داینا وە ·

ئەوەی شایانی باسیشە لەکانونی دووەمی ساڵی ١٩٦١ هەموو پەیوەندیەکی نێوان ئەمەریکاو کوبا پچڕێندرا ·

• فرۆکەیەکی فەنزویلا کەوتە خوارەوە

هەفتەی رابوردوو فرۆکەیەکی حکومەتی فەنزوێلا لەسەر دوورگەی مارگرێتا کەوتە خوارەوەو هەپرون بە هەپرون بوو ·وەکو زانراویشە تەنیا فرۆکەوان و یارمەتی دەرەکەی بەپەرەشوت رزگاریان بووەو ئەو ٤٨ کەسەی تیایدا بووە مردوون ·

پەکین : ئا·د·ف : هەفتەی رابوردوو نیگوال ئیجی جێگری سەرکۆماری گینیا بەسەردانێکی رەسمی چوو بۆ پەکین ·

ئیجی لەسەردانەکەیدا لەگەڵ کاربەدەستانی کۆماری گەلی چین دەربارەی پتەوکردنی پەیوەندی دووقۆڵی نێوان هەردوو ولآت وتووێژ ئەکات ·

قەدەغە کردنی چالاکی سیاسی لەشیلی!

سانتیاگۆ : ئەسۆشیێتدپریس رۆژی ١٣-٨ جەنەرال بینۆشیت سەرۆکی رێژیمی میلیتاریستی شیلی بلاوی کردەوە کە رێژیمەکەی بڕیاریداوە کە هەتاهەتایە - هەروەکو خۆی لافی لێداوە - چالاکی حزب و کۆڕوکۆمەڵە سیاسی یەکان قەدەغە بکات ·

سەرۆکی میلیتاریستە فاشستی یەکان وتی :گەلی شیلی هوشیار نیەوە نەگەیشتۆتە ئەوڕادەیەی سود لە سەربەستی سیاسی وەربگرێ ؟!

وە بەپێی راپورتێکی تر کەلە سانتیاگۆ وە گەیشتوە وادەرئەکەوێ کە لەم چوارمانگەی دواییدا بەلای کەمەوە (١٠٠) نیشتمان پەروەر بەچەندتۆمەتێکی ناڕەوا تیرە باران کراون ·

ئەسۆشیێتدپریس ئەڵێ ،جەنەراڵ بینۆشیت کە ئەڵێ رێگای چالاکی حزبەسیاسی یەکان نادەین مەبەستی لە رێکخراوو پارتی یە مارکسی یەکانە ! ئەدات ·

میسر داوای یارمەتی لە ئەمەریکا ئەکات

واشنتۆن : رۆیتەر : هەفتەی رابوردوو چەند کاربەدەستێکی ئەمەریکا بلاویان کردەوە کە رۆژی ١٣-٨ میسر داوای لە ئەمەریکا کردوە کە بایی (٧٥٠) ملیۆن دۆلار خۆراك و کەرەسەو شتومەکی بەشێوەی یارمەتی بداتی ·· وە لەمە (٩٨٠) تەن گەنم ئەبێ ·

ئەوەی شایانی باسیشە ئەمەریکا لەمەوبەر بڕیاری دابوو کە یارمەتی میسر بدات وە هەفتەی رابوردووش (اشرف غربال) بالیۆزی میسر لە واشنتۆن راپۆرتێکی دابوو بەحکومەتی میسر تیایدا ئەو شتانەی نووسیبو کە میسر داوای ئەکات جگە لەو قەرزانەی کە لەمەوبەر ئەمەریکا بڕیاری دابوو بەمیسری بدات ·

جگەلەمەش لەکاتی سەردانەکەی نیکسون لەمیسر سەرۆکی ئەمەریکا بەڵێنی بە کاك انور سادات دابوو کە میسر چی بوێ لەمەیدانی کاروباری کشت وکاڵدا یارمەتی

ئەمەریکا (٥٥٠) ملیۆن دۆلار بە سەهیۆنی دوژمن ئەدات !

واشنتۆن :ئاژانسەکان:-لیژنەی کاروباری دەرەوەی سەر بە ئەنجومەنی سەنای ئەمەریکا ئەو بەرنامەیەی پەسندکرد کە دەربارەی یارمەتی دانی ولآتانی سەربە ئەمەریکا پێشکەش کرابوو ·

وە بەپێی ئەو بەرنامەیە ٢ هەزارو ٥٠٠ ملیون دۆلار بۆ ئەم مەبەستە تەرخان ئەکرێ و ٥٥٠ ملیون دولاری ئەدرێ بەسەهیونی دوژمن ·

ئەسۆشیێتدپریس ئەڵێ : - ئەوپارەیە ٢٥٠ ملیونی بۆ یارمەتی ئابوری و ٢٠٠ ملیۆن دولاری بۆ یارمەتی عەسکەری و ئەوی تری کە ١٠٠ ملیون دولارە بۆ یارمەتی بەشێوەی قەرز ئەبێ ·

ئاژانسەکە ئەڵێ :- لەم پارەیە (٢٥٠) ملیون دولاری بەشیوەی یارمەتی ئابوری ئەدرێ بەمیسر · وە رێژیمی سایگۆن لەم یارمەتیە هەزارو **٢٨ ملیون دولاری ئەدرێتێ ··** هەروەها لەوپارەیە ٣٤٧ ملیون بۆ رێژیمی فنوم پنو ١٠٠ ملیون بۆ حکومەتی لائوس تەرخان کراوە ·

رێژیمی کۆریای خواروو نیشتمان پەروەران ئەگرێ !؟

سیئۆل : ئەسۆشیێتدپریس:هەفتەی رابوردوو دادگایەکی عەسکەری رێژیمە کۆنەپەرستەکەی خواروی کۆریا فرمانی گرتنی بۆ ماوەی ١٠ تا ٢٠ ساڵ دا بە سەر ١٣ نیشتمان پەروەردا ·· ئەونیشتمان پەروەرانە بەوە تاوانبار کراون کە ئەوفەرمانەیان شکاندوەکە بارك چونگ هی سەرۆکی رێژیمی سیئول دەری کردوە ·

ئاژانسەکانی دەنگوباس وائەگەیەنن کە زوربەی ئەوگیراوانە خویندکاری زانستگای سیئولن ، کەلەم مانگانەی دواییدا چەند جارێك خۆپیشاندان و مانگرتنیان ساز کردبودژی رێژیم و ئەوسیاسەتە تاوانکەرەی کاربەدەستان گرتویەتیەبەر · هەروەها هەمان دادگا فرمانی گرتنی داوە بەسەر چەند کەسێکی تردا بەتۆمەتی ئەوەی گوایە هەوڵی روخاندنی رێژیمی فەرمان رەوای سیئولیان داوە ·

دەست پێ کردنی وتووێژی نێوان عێراق و ئێران

ئەستەمبول : ئا·د·ع :رۆژی١٣-٨ وتووێژی سەرەتایی نێوان وەفدێکی عیراق و ئێران لەشاری ئەستەمبول تورکیا دەستی پێکرد بۆدانانی بەرنامەی وتووێژی هەر دوو وەزیری دەرەوەی عیراق و ئێران ·

ئاژانسی دەنگوباسی عیراق وائەگەیەنێ کە لەو کۆبونەوە سەرەتاییەدا کاك طالب شبیب بالیۆز لەوەزارەتی دەرەوەی عیراق و صادق صدریەی بالیۆز لەوەزارەتی دەرەوەی ئێران بەشداربوون ·

وە لە کۆبونەوەکەدا کەئێستاکە کاروبارەکەی ئامادە ئەکرێ هەردوو وەفدەکە باسی مەسەلەی نێوان هەردوو دەوڵەت ئەکەن بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی دەوڵەتان کە ژمارە (٣٤٨)ە و لە ٢٨ی شوباتی ١٩٧٤دا بلاوکرایەوە ·

کورتە هەواڵ

• قاهیرە : ئا·د·ع : رۆژی ١٣-٨ لەقاهیرە بلاوکرایەوە کە کونگرەی ئەنجومەنی ئابوری عەرەب کەبڕیار وابوو لە ٢٠ی ئابدا بگیرێ دواخرا بۆ کاتێکی تر ·

• بێروت : ئا·د·ع :رۆژی ١٣-٨ فیداکارانی فەلەستین ئوتومۆبیلێکی ئەفسەرێکی (مخابرات)ی سەهیۆنی یان سوتاندوەو ئوتومۆبیلەکە بووە بەقەرەبروت ·

• ئەدیس ئەبابا : ئاژانسەکان: هەفتەی رابوردوو لەشکری حەبەشە بلاتائەدماسوریتای دەست بەسەرکرد ، ناوبراویەکێك بوو لەنزیك ترین راوێژکارانی قەڕاڵ هیلاسی لاسی ·

• مەدرید : رویتەر : رۆژی١٣-٨ حکومەتی ئەسپانیا بڕیاریدا کە بەرەسمی کۆماری گینیا - بیساو بناسێ ·

• ئەثینا : هەفتەی رابوردوو بلاوکرایەوە کە هەنری کیسنجەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا نامەیەکی تایبەتی بۆ سەرەك وەزیرانی یونان ناردوە ·· بەڵام ناوەرۆکی نامەکە ئاشکرا نەکراوە ·

بێلگراد : ئاژانسەکان : شەوی ١٤-٨ وتووێژی دووقۆڵی نێوان بەرێز (حافظ اسد)ی سەرۆکی سوریاو جۆزێف برۆز تیتوی سەرۆکی یۆگوسلاڤیا لەشاری بریونی دەستی پێکرد ·

هەردوو لا لەو وتووێژەدا دەربارەی باری ناوچەی عەرەب و گیروگرفتی ئێستای نێو دەوڵەتان و پەیوەندی نێوان سوریاو یوگوسلاڤیا ئەدوێن ·

دەسکاری کردنی وەزارەتیکەی ئەرجەنتین

بوینس ئایرس : خاتو ئیزابیل پیرۆن سەرکوماری ئەرجەنتین رۆژی ١٤-٨ چەند گۆڕانێکی لەوەزارەتەکەیدا کردوو چەند وەزیرێکی کۆنی لابردوو سێ وەزیری تازەی هێنایە ناو وەزارەتەوە ·

سێ وەزیرە نوێیەکەش بریتین لە وەزیری ناوخۆو بەرگری و پەروەردە · بڕیاریش وایە وەزیرە لابراوەکان لەدەزگا دیپلوماسی یەکانی ئەرجەنتین لەولآتانی دەرەوەدا دابنرێن ·

لایەنێکی نهێنی ئەو پەیمانەی

• رێژیمی تاران و عومان مۆریان کردووە

عەدەن : ئا·ع : رۆژی ١٣-٨ بەرەی گەلی رزگاری خوازی عومان و خلیج چەند لایەنێکی نهێنی ئەو ریککەوتننامەیەی ئاشکراکرد کە لە ١٧ی مانگی رابوردوودا لەنێوان رێژیمی ئێران و میرنیشنی عومان لە تاران مۆرکراوە ·

بەرەوتی : رێژیمی - مسقط - بەهەموو داواکاریەکانی رێژیمی تاران رازی بووەو بڕیاریداوە دەست لەبەشی زۆری دەروازەی - هرمز - هەڵگرێ بێ گومان ئەم ناوچەیەش دەروازەیەکی ستراتیجی یە بەرەو خلیج ·

بەم شێوەیە ئێران رێگای درا کە دەست بەسەر ناوچەیەکدا بگرێ کە پڕەلە نەوت ؟!

بەرە لە کۆتاییدا وتی ماوەیەك لەمەوبەر شیخ قابوس سەری لە تاران داو رازی بووبەوەی کە رێژیمی تاران مافی ئەوەی هەبێ کە هەموو پاپۆڕێك بپشکنێ کە بە دەروازەی -هرمز-دا تێئەپەرێ وە رێگاش بدرێ بەهێزی ئاسمانی و دەریایی لەشکری رێژیمی ئێران پاسەوانی ناوچەکە بکەن ··؟!

institutkurde de paris

ئاوابوونی خۆری کۆلۆنیالیزمی پورتوگال ٠

هەروەکو ئەزانین ڕێژیمـی تازەی پورتوگـال بڕیاریدا کەمافی چارەنووس‌و سەربەخۆیی بدات بەگەلانی گینیا - بیساوو ئەنگولاو مۆزەمبیق‌و بەم کارە ، وە دوای یازە ساڵی خەباتی چەکدارانەی گەلی گینیـا - بیسـاوو مستعمرەکانی تـری ئەفەریقا کۆتایی هێنرا بـە (٥٠٠) سـاڵ حوکمی کونترین ئیمپریالیزم کە ئەویـش کۆلۆنیالیزمی پورتوگالە .

جا لەبەر گرنگی ئـەو مەسەلەیەو زیاتر رونکردنەوەی راستی سەبارەت بە خەباتی گەلی گینیا بیساوو تێکرای گەلانی مۆزەمبیق‌و ئەنگولا وا ئەوراپۆرتە بە کـوردی لە هاوکاری‌دا بڵاوئەکەینەوە .

عبدالقادر عزیز

لەوڕۆژەوە کە یاسـاو دەستورە تازەکەی پورتوگال سەبارەت بـە مستعمرەکان بلاوکرایەوە ، دان نـان بەسەربەخۆیی گینیا - بیساو کاپ بوردە بـوو بەشتێکی چاوەڕوان کراوو ئاگاداران لەوباوەڕەدا بوون کەئەمڕۆ یاخود سبەینی ئـەم بڕیارە لەلایەن ڕێژیمـی تـازەی پورتوگالەوە بلاو ئەکرێتەوە .

مەسەلەی سەربەخۆ بوونی گینیا بیساو لەچاو ئەنگۆلاو مۆزەمبیق گیروگرفتێکی وا بۆ پورتوگال دروست ناکـات ، چونکە وەکو لە ڕاپۆرتێکـدا دەرکەوتووە ، ئەو بەرژەوەندیەی پورتوگال لەگینیا - بیسـاودا هەیەتی زۆر کـەمترە لەوەی لەدوو مستعمرەکەی تر هەیەتی جگە لەوەش نزیکەی ٣ هـەزار ئەوروپایی لە گینیا بیسـاو جێگیر بوون بـەڵام بەتەنیا لـە ئەنگۆلاو مۆزەمبیق دا هەشت هەزار ئەوروپایی پێست سپی جێگیر کراون .

هەر چەندە ئەو هەنگاوەی پورتوگال (کەدان نانـە بەسەربەخۆیی گەلی گینیـا بیساودا) لەگەڵ ڕەوتـی سەدەی بیستەم دا ئەگونجێو گوێدانە ڕای گشتی جیهـانو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوە کانیش سەبارەت بەکۆتایـی هێنان بە حوکم‌و دەسـەڵاتی کۆلۆنیالیزم دان نـان بە ئازادی‌و سەربەخۆیی گەلاندا . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تاوەکو ئێستا وەدوای ١١ سـاڵ خەبات‌و تێکۆشان ٩٠ دەوڵەتی دنیا بەرەسمی کۆماری گینیا - بیسساویان ناسی‌و بەم پێیـە کۆتایی بە تەمەنی کولونیالیزمی پورتوگال هات ئـەو ئیمپریالیزمەی وابوو بە(٥٠٠) ساڵ حوکمی ئـەو مستعمرەیە ئەکات .

ڤاسکۆ کابرال کـە سەرکردەیەکی گینیا - بیسـاوە ئەلێ : روخانی ڕێژیمـی فاشستی لە پورتوگـال ئەنجامێکی ئەو خەبـات‌و تێکوشـانە مانبوو کـە بەزیـن‌و سـاردبوونەوەی نەئەزانی .

بەم جۆرە دوای ١١ سـاڵی خەباتی بێ‌وچان جەنگـاوەران توانیان سێ‌بەشی خاکی گینیـا - بیسساو رزگار بکـەن‌و دەستیان کرد بە دانانی بەردی بناغـەی دەزگاو دامەزراوی بەڕێوەبردن وفێرکردن‌و خوێنـدن‌و تەندروستی لە ناوچە رزگـار کراوەکـاندا بۆ راپەڕاندنی کاروباری خەڵکی‌و هاووڵاتیـان ٠٠٠ وەکوزانراویشە لـە ٢٤ی ئەیلولی ساڵی ١٩٧٣ کۆمەڵەی گشتی سەربە شۆڕش بڕیاری دامەزراندنی کۆماری گینیا - بیسساوی داو ٨٤ دەوڵـەت بەرەسمی ئەم کۆمـارە تازە پێ‌گەیشتوەیان ناسی‌و لەدواییدا ژمارەی ئەو دەوڵەتانە بوو بـە ٩٠ دەوڵەت .

وەلە ناوچە رزگارکـراوو شارەکانی گینیا - بیسـاودا کۆڕو کۆبونەوەی فراوان رێک ئەخرێ‌و هەست‌و هۆشـیاری خەڵکی زۆر بەرزبۆتـەوەو زۆر جار لەو کۆڕانەدا سەربازەکانی پورتوگالیش بەشدار ئەبن .

ڤاسکۆ کابرا لەم بارەیـەوە ئەلێ :- تاوەکو ئێستا زۆر جار بۆمان دەرکەوتوە کە سەربازەکانی پورتوگال نایانـەوێ بەگژماندا بێن‌و بڕیان دەرکەوتوە کە لەپێناوی ئامانجێکی نارەوادا شەڕمان لەگەڵ ئەکـەن . هەروەها کابرال ئەڵێ : هـەر چەندە هێزی کۆنەپەرستو کۆلونیالیزم شەڕخوازان لـە پورتوگالدا لەجم‌و جـۆڵ نەکەوتوون بەڵام ئێمە هیوامان پتەوەو بەگەشبینیەوە ئەڕوانینە دەورو تەقـەللای لایـەنی پێشکەوتنخواز لە لەشکرو حکومەتی پورتوگـال‌و دەوری پارتی‌یە چـەپڕەوو قوتابی‌و ڕێکخراوی لاوان . هەروەهـا ئێمە لەوبڕوایە داین کە تاوەکو شوێنەواری کۆلۆنیالیزم بنەبڕ نەکرێ ئەوا دیموکراتیەت لـە پورتوگالدا ناچەسپێ .

هەروەها ئەو رابەرەی گەلی گینیا - بیساو ئەڵێ : گرتن‌و کوشتن‌و دوور خستنەوەو کوشتنی سەرکردەو رابەرانی گەلی گینیا - بیساو بەتایبەتی سەرکردەی شەهید ئەمیلکـار کابرال لەلایەن ئیمپریالیـزمی پورتوگالـەوە نەیتـوانی ورە بەگەل‌و شۆڕشگێڕان بەربدات .

وە هەروەکو لەبڵاوکراوەکانی شۆڕشگێڕان دا دەرئەکـەوێ دەسەڵاتی شۆڕش لەناوچەرزگار کراوەکاندا خـەڵکی فێری زاوو کشتوکاڵ کردن کردوەو چەند دوکان‌و بازارێکی میللی کردۆتەوە بۆفرۆشتنی شت‌و مەکو پێویستی ژیانی رۆژانە بەنرخێکی گونجاو بە هاووڵاتیان . هەروەهـا شۆڕش یاسـای دەرکرد کـە خوێندنی قوناغی سـەرەتایی هەموو کەسێک بگرێتـەوەو هەموو خێزانێک ئاگادار کـران کە ئەبێ منالەکانیـان بنێرنـە قوتابخانەکانی شۆڕش . وەکو دەریش کەوتوە لەناوچە رزگار کراوەکانی گینیا بیساودا (١٥) هەزار قوتابی لە قوتابخانەکانی شـۆڕش‌دا ئەخوێنن‌و (٢٥٨) مامۆستای شۆڕش دەرسـیان پێ ئەڵێن‌و جگەلەمەش (١٦٤) قوتابخانەی تایبـەتی لـەناو دارستانەکانا کراونەتەوەو ماوەی خوێندن تیایاندا چوار ساڵە .

وەشۆڕشگێڕان بەیارمـەتی گینیا لـە شاری کۆناکـری ئامۆژگایەکی بەرزی کردۆتـەوە بۆ پێ‌گەیاندنی قوتابیانی گینیا - بیساو . هەروەها شـۆڕش چەندین قوتابیشی بۆ خوێنـدن ناردوە بۆ وڵاتە سوشیالیستەکان هەروەها ڤاسـکۆ کابرال ئەڵێ :

ئێمە ئێستاکە خەریکی لـە ناوبردنی نەخوێندەوارین لەنێو گەلەکەماندا هەر کەسێک بی گری لەگەلی گینیا - بیساو زۆر لەلایەکەوە ئەخوێنی و لەقۆلێکی تامەزۆری خوێندن‌و فێربوونە ، ترەوە تێ ئەکۆشێ‌و چەکی لـە شانەو لەقۆلێکی ترەوە کۆمەڵێکی باشتر بنیات ئەنێ .

گەلی کـوبا بەدەستێك سیستەمی سۆشیالستی بنیات ئەنێ‌و بەدەستەکەی تری وڵات ئەپارێزێ ٠



بەپێی هەواڵی هەندەران‌وراپۆرتی ئاگادارانی سـیاسی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا خەریکەووردە وردە دەسەڵاتی ئابلۆقەی سیاسی‌و ئابوری کوباو وڵاتانی ئەمەریکای لاتینی لە دەسـت دەرئەچێ ٠٠ ئەو ئابلۆقەیەی لە ساڵی ١٩٦١ دەسـتی پێ کرد .

وەسەرەتای ئەم مەسەلەیەش کاتێ دەستی پێکرد کـە وەزارەتـی دەرەوەی ئەمەریکـارێگای دا کە لیات هـولت بەڕێوەبەری لیژنەی کاروباری دەرەوەی ئەنجومەنی ئەمەریکـا سەر لە کوبا بدات .

هولت لەوسـەردانەیدا چاوی بە دکتور فیـدل کاسترۆی سەرۆک وەزیـران‌وچەند کاربەدەستێکی تری کوبا کەوت٠٠وە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ڕایگەیاند کە ئـەو سەردانەی هولت لە کـوبا پەیوەنـدی بە کـاروباری ئاسایشەوە هەیە ئـەو ئاسایشەی کە وڵاتـە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا گوایـە بەتەنگیەوەیە !!

ئەوەی شایانانی باسـە ئەمەریکـا لە ساڵی ١٩٦١ واتە لەو ڕۆژەوە ئایزنهـاوەرپەیوەندی دیپلوماسی لەگـەڵ کۆماری سۆشیالیستی کـوباپچڕاند ئەمەریکا هەوڵـی‌داوە کە کوبا جیا بکاتە وە لە هـەرچوار لاوە ئابلوقەی بـدات . هەروەها بە دەسیسەی ئەمەریکالە ساڵی ١٩٦٢ ڕێکخـراوی وڵاتانـی ئەمەریکا لاتین کەبەپاشـکوی ئەمەریـکاوە بەسـتراوەتەوە ، بڕیاری داکە کوبا لەوڕێکخراوە لاببرێ . هەروەها لە شـوباتی ١٩٦٢ئەمەریکا بڕیاریدا کە نەهێڵێ بازرگانی لەگەڵ کوبا دا بکرێ(بەتایبەتی ئەوڕێژیمانەی کـە سەر بەواشنتۆنن) وە لە مانگی‌مارتی هەمان ساڵدا واشـنتۆن بڕیاری دا کە هەر کەرەسەیەك لەکوبا دروست بکرێت ڕێگای نەدرێت بێت بۆ ئەمەریکا . وەلەمانگی تەمـووزی ١٩٦٤ وڵاتانی ئەمەریکای لاتـین بڕیارەکەی کۆشـکی سپی ئەمەریکایان پەسنە کـردو پەیوەندی دیپلوماتـیو ، بازرگانیان لەگەڵ کوبـادا پچڕاند .

بەڵام دوای ئەم هەمـو پیلان‌و جم‌و جۆڵی‌یەی ئەمەریکا مەسەلەکە بەچ لایەکا شکایەوەو دوژمنانی گەلی کوبا دەسـت کەوتیان چی‌بوو ؟

لـە وەڵامی ئەم پرسیارەداروودا وەکانی ئەم ماوەیە ئەبنـە بەڵگەو وەڵامی ئەم پرسیارانـە ئەدەنەوە ٠٠ گەلی کوبا خـۆی گرت سیستەمی سوشیالیستی‌چەسپاندو توانی بەرەنـگاری هێرشی دوژمنان ببێ ٠٠ لەمەش‌زیاتر کاربەدەستێکی ئەمەریکا وتی : (دوورینە شتێک لـەبەرەی کـوبا ڕوو بدات ٠٠ وەئێستا هەلویستی حکومەتی‌ئەمەریکا دیفاع کردنـەو وەك جاران نەماوە) وە دروسـتی‌ئەم قسەیەش لەم بەڵگانـەی خوارەوە سەر هەڵئەدەن :

★ ئەمەریکا نەیتوانی ڕێگالە کوبا بگرێ‌و کوبا توانی لە کۆنگرەی یاسای دەریا کەئیتـالە کاراکاس ئەبەسـترێ ، بەشدار ببێ .

★ ئەو تەقەللایەی سەرۆکی‌مەکسیك دای لەگـەڵ ئەوگەشتەی بە کۆستاریکاوئەکوادۆرو فەنزویللاو پەناماو کولومبیاو گواتیمالاو هندر ساداکردی بۆ ئەوەی نێوانیـان لەگەڵ کوبادا چاك بکاتەوە .

★ هـەڵویسـتی وڵاتانـی‌ئەمەریکای لاتـین دەربارەی دیاری‌کردنی سیاسـەتی‌دەرەوەیان بەبێ خـۆتێ هەڵقورتاندنی ئەمەریـکا ٠٠ بڕیارەکەی ئەرجەنتین دەربارەی ناردنی ئۆتۆمۆبیلی بۆ کـوبائەمەریکای ناچارکرد کە دەنگ نەکات‌و چاو لەو پەیوەندیەبازرگانیە بپۆشێ .

جگە لەمانەی لە مەوبـەرباسمان کرد گەلی کـوبا بەرابەری دکتور فیدل کاستڕۆتوانێ بەرەنگاری گەردەلولی ڕۆژگـارو دەست درێـژی‌دوژمنان ببێ‌و بەدەستی وڵات بنیات بنێ‌و بەردی بناغـەی‌سیستەمی سوشیالیسـتی دابنێ بەدەستەکەی تـری‌دەستکەوتە پێشکەوتنخوازەکانی بپارێزێ‌و داکۆکی لەسیستەمی‌سوشیالیستەکەی بکات .

توانا
کردویە بەکوردی

وەزارەتە تازەکەی یۆنان لـە بەردەم دوو مەسـەلـەی گـرنگ دا ؟!

توانا ئامادەی کردوە

هەروەکو ئەزانین رووداوەکانی ئەم دواییەی (قبرص)و ئەو دەست درێژیەی لەشکری تورکیا کردیە سەر دوورگەکە ، ناکۆکی یەکانی نێو ڕێژیمـە دیکتاتۆریە فاشستییەکـەی یۆنانی تەقاندەوەو وەزارەتـە میلیتاریستەکە ناچاربـوو دەست لەکار بکێشـێتەوەو وەزارەتێکی تر لە شـوێنیا پێك بێت‌و تارادەیەك - وەکـو ئاژانسەکانی دەنگـو باس رایانگەیاند - سەربەسـتی‌بیروڕادەربڕین بدرێ‌و چەند رۆژنامەیەك کەلەمەوبـەرداخرابوون دەربچنـەوەو ئەوسیاسی‌و پێشکەوتنخوازانەی دووچـاری دەربـەدەری‌و دوورەوڵاتی‌و دوورخستنەوە ببون بگەڕێنەوە بۆ وڵات وەلەمانـە میکیس تیودوراکیس .

ئێستاکە سەرۆکایـەتی‌وەزارەتە تازەکەی یونـان بەسیاسیەکی بەسالاچـووسپێردرا ناوی (گۆسـتانین کارامنلیس)ە و ئەوسیاسـیە کلاسیکیەی دوای حەوت سـاڵ توانی بگەڕێتەوەو وردە وردە شوێنەواری ڕێژیمە عەسکەریە کەلاببات‌و گرژی‌و ئاژاوەی نـاوخۆ کەمتر بکاتەوەو شـەڕی قبرص بوەستێنێ‌و لەگـەڵ تورکیا لەسەر مێزی وتووێـژ کردن دابنیشێ بۆ چارەسـەرکردنی نیمچە شەڕی نیـوان یونان‌و تورکیاو گیروگرفتـی‌دوورگەی قبرص .

هەرچەندە ماوەیەکی زۆربەسەر پێك هێنانی ئـەو وەزارەتە نوێیەدا تێ نەپەڕیوە، بەڵام (کارامنلیس)ی سەرۆك وەزیران توانی تارادەیـەك‌سنور بۆ جم وجۆڵی لەشـکرو دەزگای ئاسایـش (امن)دابنێ‌و ریزەکانیان لەو ئەفسەرو کاربەدەستانە پاك بکاتەوە کـەئەو کوێرەوەریەیان بەسـەر یۆنانا هێنا . هەروەها توانـی‌دەسەڵاتی یاساو دەسـتور جێگیرتر بکات ئەویـش بەوفەرمانەی دەری کرد دەربارەی پەیرەوکردنی دەستوری ساڵی١٩٥٢ .

جگەلەمەش بەپێی راپۆرتی‌دەزگـاکانی راگەیانـدنی رۆژئاواو ئاژانسـەکانی‌دەنگوباس ، سەرەك وەزیـران توانیویەتی تارادەیەك هێزەکانی‌دەستی چەپ هێمن بکاتـەوەو راستڕەوانیـش (یەمینی)دەمکوت بکات بەوەی کـە جاروبار ئیشیان بەقسە ئەکات٠٠ وەلەم کارانەی کردی وای‌لە جەنـەڕاڵ (بۆنانۆس)ی‌فەرماندەی‌گشتی هێزی چەکدار کرد کەدەست لەکاربکێشێتەوەو (جورج کاروس)ی بەڕێـوە بەری‌گشتی دەزگای ئاسـایشی لـە سەرکار لابردو جەنەڕاڵ ئەناستاسیوسی بەڕێوە بـەری‌گشتی پۆلیسی لەپایتەختـەوە دوورخستەوەو کردی بـــەسەرۆکی تیپێکی پیادەی لەشکر لە سەرسنوری نێوان یۆنان‌وبولگاریا .

جگە لە مانەی لە سـەرەوەباسمان کردن دوو گیروگرفت‌و مەسەلە لە کایەدا هەیـەو زۆرنیـە وەزارەتیەکـەی کارامنلیس دووچاری تەنـگوچەڵەمەیەکی وابکات کە چارە سەرکردنی زۆری بوێ ٠ئـەودوو مەسەلەیەش ئەمانـەن :-

● چارەسەرکـردنی‌مەسەلەی قبرص ،کەوایپێویست ئەکات یۆنان بەناچـاری‌بێتە پێشەوەو لەبـەردەم تورکیادا بەزۆرشت قایل ببێ‌وواز لە هەندێ داواکاریەکانی بهێنێ ٠٠ بێ‌گومان ئەمـەش‌سەرکردە دیکتاتۆرە کەللـە گەرمەکانی لەشکر دەئالۆزێنێ .

● دووەم ئـەوسەربەستیەی دراوەبـە ، حزبەکانی دەستی چـەپ‌و**پارتی کۆمۆنیست** کە تارادەیەك بە ئازادی ئیش ئەکەن‌و ڕاستڕەوانیان (یەمینیـەکان) ناڕەحەت کردوە٠٠ ئەنجام‌چۆن ئەبێ‌و سەرەك وەزیران تا چەند برئەکات ٠٠ ئـەم دووپرسیارە لەلایـەن رۆژانی ئایندەوە وەڵام ئەدرێنەوە .

ڕێژیمی کۆریای خواروو ڕۆشنبیرو قوتابی‌و ڕۆژنامە نووسان ئەگرێ !

ماوەیەکە ڕێژیمە کۆنـەپەرستەکەی خوار وی کـۆریا دەستی‌کردوە بە گرتـن‌وئـازاردان‌و محاکەمەکـردنی رۆڵە دلسۆزو نیشـتمان‌وپەروەرەکانی خواروی کۆریـا بەتایبەتی رابەرەسیاسـی‌وروشنبیری‌و قوتابی‌و رۆژنامـە نووسان . وەچەندین تۆمـەتی‌نارەوایان دراوەتە پاڵ وەکـو ڕێکخستنی خۆپیشانـدان‌وهەوڵدان بۆ سازکردنی کودەتاو هەڵگێڕانەوەی ڕێژیمـی‌فەرمانڕەوا .

وەلەم تۆمەتە نارەوایانـە ،تاوانبار کردنی یوبوسـن (٧٧ سـاڵ) کە پێشوتر سەرکۆمار بوە بەوەی گوایـە هەوڵـی‌داوە ڕێژیمی بـارك‌جنگ هی بڕوخێنێ‌وە هـەزار دۆلاری داوە بۆ ڕێکخسـتن‌وهاندانـی قوتابیان تا وەکـو دژی ڕێژیم مان بگرن . بەپێی‌یاسای کۆریای خوارو ئـەو جۆرە کەسانە فرمانـی لەسێدارە دانیـان بەسـەردا ئەدرێ .

ئەوەی شایانی باسـەبوسن ١٩٦٠ بەسەرکۆمـار هەڵبژێردراو دوای کودەتاکەی‌ساڵی ١٩٦١ دەستی لەکـار کێشایەوە لە سـاڵی ١٩٦٣ و١٩٦٧دا خۆی تەرشیح کـرد لە هەڵبژاردنی سـەرەك‌کۆماردا بەڵام بەهۆی پیلانێکی ئیمپیالیزمی ئەمەریکاو ڕێژیمەدەست نێژەکـەیەوە لـەو هەڵبژاردنە دا سـەرنەکەوت‌وبارك جنگ هی بەسەر کۆماری مایـەوە .

جگە لەو تاوانەی ڕێژیـم‌وچەند تاوانێکی‌تری . تاوەکـو ئێستا چەند روشنبیرونیشتمان‌پەروەری تر دووچاری گرتن‌و سزادان‌و لێدان بـوون‌وحوکمیان بەسەرا دراوە لەمانە:

● فرمانی لە سێدارە دان‌درا وەبەسەر شـاعیری لاو کیم چی های بەتۆمەتی ئـەوەی‌ئەندامە لە ڕێکخراوی نهێنی ، عصبەی قوتابیانی دیموکراتی‌نیشتمانی کوریای خوارو کـە ئیسـانی لـە رابـوردوودا خۆپیشاندانێـکی گەورەیـان ڕێکخست .

● ٥٢ کەسی تر کـەدووانیان خەڵکی ژاپۆنن فرمانی گرتن‌و لەسێدارە درانیـان‌دراوە بەسەردا . وە بەپـێی هەواڵەکانی سیئۆل ئەوگیراوەبەدڕندە ترین شێوە ئـازار ئەدرێن .

● چانگ چن ها کەخاوەنی ئیمتیـازی رۆژنامـەی ساسانگی‌یەو داوای کـردبو دەستوری وڵات چاك بکرێت بۆ ماوەی ١٥ ساڵ لەبەندیخانـە قایم کراوە .

● ئێستاکە رابەری سیاسی (معارض) کیم دی جونگ کە نۆکەرانی ڕێژیم لە ئابی ساڵی ١٩٧٣ لە ژاپۆنەوە فڕاندیان‌و هێنایانەوە بۆ سیئول محاکەمە ئەکرێ بەتۆمەتی ئەوەی گوایە یاسای هەڵبژاردنی سـاڵی ١٩٦٧و ساڵی ١٩٧١ی پێشێل کردوە ٠٠ ئەوەی شایانی باسە ئەو سیاسیە لە هەڵبـژاردنی ساڵی ١٩٧١ دا بەربەرەکـانی بارکی بەکرێ گیراوی ئەکرد .

● هەروەها ٥٣ ئەندامـی پارتی دیموکراتی نوێ کـەدژی ڕێژیمن گیراون‌و فرمانی گرتنی ساڵیك تا ١٧ ساڵیان بەسەردا دراوە .

جالە مەسەیر تریش ئەوەیە کە ڕێژیمە داتاشراوەکـەی سیئول لافی دیموکراتی‌و زامن کردنی سەربەستی لێ ئەدات‌و ئیمپریالیزمی ئەمەریکاش بـە ملیونەها دۆلار یارمەتی بـۆ ئەنێرێ لەژێر پەردەی(پاراستنی دیموکراتیەت لە کۆریـای خواروودا) بەراستی ئەمە ئەبێ‌چ دیموکراتیەتێك بێت !!

سەیوان
ئامادەی کردوە

institut kurde de paris

ڕەشید کابان

بەبۆنەی تێپەڕبونی ٣٤ ساڵ بە سەرکۆچی دا!

جەمال بابان



ڕەشـــید کابـــان

پێیان ئەووت (باوکـــی دووبەرە - اب الجیلین) چونکە دەرسی بە بەرەی کـۆنو نۆیووتوە . ئامانجـــی پیرۆزی فێرکردنو پێ گەیاندنی ڕۆڵەکانی وڵاتەکەی بوو ، زیاتر لە (٣٠) قوتابخانەی کردەوە لە ناوچەی سلێمانیدا لە کاتێکدا کـــە (مدیری معارف) بوو ئـــەوسایەی کە کردنەوەی تەنهـــا قوتابخانەیەك ئەرکێکی هێجگارزۆر بوو چونکە نە پارە هەبوو ، نە مامۆستا نەجێگا .

خوالێخۆشبو گەلێـك زمانی ئەزانی جگە لە کوردی وەك زمانی عەرەبیو فارســـیو تورکیوفەرنسی ، ئەمانە وایان لێ کـرد کەشارەزاییەکی باش پەیدابکات لـــە زۆر رووی زانستـیو ڕۆشنبیری یەوە ، جگە لەوەی کەخۆی مامۆسـتای تایبـــەتی (ریاضیاتو فەلەكو جوغرافیا) بوو .

زۆر بـەتەنگ ئـەوەوە بووبەرەیەکی ئەو تۆ پێ بگەیەنێت لە ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی کە بتوانن لە پاشە ڕۆژدا ئـــەرکی خۆیان بەتەواوەتی بگرنە سەرشانیانوخزمەتی خۆیـانو نـــەوەی دوا روزیش بکەن . لەبەر ئـــەوەئەوســـا کـــە (بەڕێوەبەری زانیاری) لە سلێمانی خـــۆیچاودێری قوتابیانی ئەکـــرد

ئەگەر ببینیایە ئەچنە چایخانەوشوینی گشـــتیی تر ، زۆر بەتوندی لەگەڵیاندا ئەجوڵایەوەوسزای ئەدان ، ئەیویست جگـە لەوەی کـــە خەریکی دەرسودەوریان بن ، بەرەوشتی جوان پەروەردە ببن نەك ببن بەخۆیری کۆڵانانو سەر شەقامـەکان . زۆر جار من خۆم کە ئەوسـاقوتابی ســـەرەتایی بووم ، قوتابیەکانی لە خۆم گەورە ترم ئەدی کە لە قوتابخـــانەی ناوەندبوون بە ڕەنگی بزرکاووبەهەڵە داوان ، رایان ئەکردەوە بۆ ماڵەوە لە ترسی ئەوەی ڕەشید کابان لە کۆڵاناندا نەیان بینێت .

(ڕەشید کابان لە چـــەندێڕیکدا) :-

- ڕەشید زەکی کوڕی مارف کوڕی عەزیزو لەنەوەی خـدر بەگی مەرگەیە .
- ساڵی ١٨٧٦ لە شـــاریسلێمانی هاتۆتە دنیاوە .
- رشدیەی عەسکەری لـــەسلێمانیو اعدادیەی عەسکەری لە بەغداو دانشگای سوپایی لـــە ئاستانە تەواو کردوە .
- **ساڵی ١٨٨٩ دانشـــگای تەواوکردو هــــەر لەویدا بە مامۆستای (ریاضیات) دامەزرا .**
- دوای ساڵی ١٨٩٠ هاتەوەعیراق ، بە مامۆستا لە اعدادیەی سوپایی بەغدا ، ئنجا بە (آمر انضباط)ی سوپایی ، لـــە دواییدا بەئەندازیاری چاودیری- کەری سەددەکەی ناظم پاشا ، لەپاشاندا بە مامۆستای اعدادیەی سوپایی تا ساڵی ١٩١٠ ئیشی- کردوە .
- گەلێك پیاوی هەڵکەوتوو لە سەردەستی ئەوا خوێندویانە وەك جەعفەر عەسکەریو بەکـر صدقی .
- بوو بە (آمر لواء) لـــەمنتفك ، بەڵام لە هەرایـــەکی عەشایەرەکـــانی ئەوناوەدابریندارکـــرا ، ئەمیش داوای قبوولی وازهینانی لە پایەکـــەیخۆی کرد بەڵام قایل نەبوون ، کردیان بەکارگێری رشـــدیەیسوپایی لە سلێمانیو مامۆستای

(ریاضیات) لە اعدادیەی مولکی هەر لە سلێمانی .

- **لە کاتی شەڕی گـــەورەی یەکەمدا بەپێشەوای (سوقیات) لە موسل دامەزرا .**
- دوای کۆتایی شەڕ کرا بە قوتابخانەی کفری ، دوای ئەوە

کارگێری قوتابخانەی (نموونەی سەعادەت) لە سلیمانی ، کـــە لەدواییدا ناوی نرا (قوتابخانەی مەحمودیە) بـــەناوی شـــیخ مەحمـــوودی حەفیـــدەوە ، خوالێخۆشـــبو ڕەفیق حیلمـــی مامۆستا بوە لە لایو لەدواییدا ئەو بوو بە کارگێری ئـــەو قوتابخانەیە .

- شێخ مەحموودی نەمـــر لەکاتی حکومەتەکەیدا ، لەگەڵ سەید ئەحمـــەدی بـــەرزنجی (مرخص)و مامۆستا ڕەفیـــق حیلمی دا ، ناردنی بۆ پاریس بۆ لای شەریف پاشای خەندان کە نوێنەری کورد بوو لە کۆنگرەی ئاشتیدا ، بەڵام نەگەیشـــتە پاریس ، لە (حلب) گیـــراو تاکو ساڵێك لە مرسل لە ژێـــر دەستدا دانرا ئەوسا ڕێی درا بگەرێتەوە سلێمانی .
- لە دووهەم جاری حوکمی

شێخ مەحموودا ، کـــرا بـــە (مفتش)ی گشتی زانیـــاری کوردوستان .

- دوای لەناوچوونی حوکمی شێخ مەحموود ، بوو بەکارگێری

کارگێری قوتابخانەی أربیل .

- ساڵی ٩٢٩ بوو بەکارگێری قوتابخانەی ناوەند لەسلێمانی .
- ساڵی ٩٣٣ بووبەکارگێری زانیاری ئنجا (مفتش) لـــە لیواکانی بەشی ژووروی عیراقدا، وبۆ جاری دووهـــەم بووەوە بـــە کارگێری زانیاری لە سلێمانی .
- **ساڵی ٩٣٩ لە ئیش دانراو ڕۆژی ١٣ ئابی ســـاڵی ١٩٤٠ فەرمانی یەزدانی بەجێ هێنا ، لە گردی سەیوان لە سلێمانی شارڕایەوە .**
- سێ کوڕوو چوار کچـــی بەجێ هێشت کە هەموو پێگە- یشتوونو خوێندنی باشـــیان تەواوکردوە .

چەند سەرنجێك دەربارەی ئەدەبی کوردی

کاکەی فەللاح

دوا پاشماوی ژمارەی پێشو :

ئەدەبی کلاسیکی کوردی لەوماوەیەدا تەشەنەی سەند کـە ئەکەوێتە نێوان سەدەی دەیەموسەدەی پانزەیەمەوە ... چەند هەنگاوێکی زەقو پیـرۆزی نابەرەو پێشەوە .

شیعر بەگیانی ســـۆزێکی کوردانەو هەستێکی نەتەوایەتی ئاو درابوو - وەك ئەدیبـــەی فەرەنسی (پۆل مارگریت) باسی ئەکات - تا بیرکەرەوەی کوردیوشاعیری بلیمەت (ئەحمـــەدی خانی) دەرکەوت ، ئەم شاعیرەمەزنە یەکێکە لە گـــەورەترین شاعیرانی کوردی ســـەردەمیخۆی لە شیعری کلاسـیکیدا ، هەستێکی گەرمو گوڕی هەبووبەرامبەر بەگیـــانی نەتەوایـــەتی کوردی ... چیروکێکی شیعریدورو درێژی ڕێكخست بـــە ناونیشانی (مەمو زین) کـــەهاوشانی (ئەلیاذە)ی یۆنانی یە لە رووی هونەرو هەســـتیوردوردی شیعری یـەوە - وەك ئەدیبە شـــارەزاکانی کـوردئەڵێن - دوای (ئەحمەدی خانی) لە سەدەی شانزەیەمو حەڤدە-یەمدا چەن شـــاعیرێکی تـر هاتنەکایەوە ، لە پێش هەموو-یانەوە (ئیسماعیل) بوو کـە یەکێکە لـە قوتابییەکـــانیقوتابخانەی (خانی) خۆی . ئەم شاعیرە یەکێك لەوانەی کە زۆردێوانەو شەیدای سروشت بوو، زمانو پێنووسی خســـتەکار بۆ هەڵدان بە باڵای جوانیو دیمەنی تەلیســـماوی وڵاتەکـــەیا ... یەکێك لە پاشماوە نەمرەکـــانی (بەســـتەی گوڵان)ە کە بۆ گۆرانی شیعری پێ گەیشت سەر لوتکەی بەرزی ... تا دەوری کلاسیکی شیعری کوردی دوایی پـێ ئەهێنری بەدەرکەوتنـی (مرادخان) لە تورکیادا کـــە یەکێکە لە شاعیرە گەورەکـــانیسەدەی هەژدەیەم .

شان بە شانی ئەو شاعیرەکوردانەی کە شیعریان بەزمانی نەتەوایەتی خۆیان کـــە زمانی کوردی یە نوسیوەو ڕیکخستوە چەند ئەدیبو شـــاعیرێکی تری کورد بوە کە شیعریان هەر بـە زمانی عەرەبی داناوە ، لەمانـەچەند شاعیرێك لە خێـــزانی (سلطان صلاح الدینی ئەیوبی)بوو ، بەناو بانگترینی ئەمانـــە (بارام شا)یە کە بـــە (ملك الامجد) ناسراوەو مامۆســـتای گەورەمان (دکتۆر مســـتەفاجەواد) بە شاعیرترین شاعیری کوردی زمانی عەرەبی ناوبردوەهەروەهـــا دەربارەی خۆیو شیعرەکانی باسـێکی تەواوی بڵاو کردەوە لـــە گۆڤـاری (الکتاب)ی عیراقیدا کە لـــەبەغدا لە حوزەیرانی ســـاڵی ١٩٥٨دا دەرچووە .

لەپاش ئەوانچەند شاعیرێکیدەرکەوتوی کورد هاتنە پێشەوە وەك شێخ رەزای تالـــەبانیومەولەویو حاجی قادرو جەلیزادە - ئەم دوانەی دواییان خەڵـکی کۆیسنجاقن - لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە شاعیرانی تری سەدەی نۆزدەیەم ... ئەمانە ویستیان شێوەی شـیعری ڕوایـــەتورووداوو رەمزی زیندو بکەنەوە پاش ئەوەی کە ئەم شـــێوانەسیسو لاواز بوبوونو لە پێش چاو نەمابوون بۆ ماوەیەك . تارادەیەکی دووریش سەرکەوتن لە ئەركو کۆششەکەیانا .

یەکێك لەم بەرهەمانە کتێبی (ئومەتەکەم) لـــە نووسینی حاجی قادری کۆییو (دیاری)لە نووسینی (جەلی زادە) کە (مەلا محەمەدی کویی)یـــەو ناسراو ە بە (مەلای گەورە) . لەلایەن ئەم دوو شـــاعیرەوەهیرشێکی باش براوەتە ســـەر بیرو باوەڕی تەسكو کوێرانەیئەوانەی لە ژێر پەردەی ئایینـا ساختەو نەزانی بڵاو ئەکەنەوە، هەروەها هێرش براوەتە ســـەر ئەو نەریتو ڕەوشتە کۆمەڵایەتی یانەی کە تەگەرەو کۆسپن لـــە ریگای پێشکەوتنو نیـــازیمرۆڤدا .. بێ گومان ئـــەم دوو شاعیرە توانییـــان دامودەسگای ئەو بیرو باوەڕە هیچو پووچانەی کە پەیوەندی یان بـەئایینەوە نی یە لە ناو زوربـــەی خەلکیدا هەڵتەکێنن .

بێ گومان ئەدەب لە حاڵـــەتیکوردەواریدا زۆرتر لە نێـــوان ژمارەیەکی کەم لە ڕۆڵە ژیـــانخۆشو بەختیـــارەکانی میللەتو ئەدەبی میللیدا پەنگ ئەخـوا-تەوە .. بەلای منـــەوە ئەدەبی میللی ئەدەبێکی ڕەســـەنی کوردی یە . ئەوەی کە شایانی دڵخۆشی یەو دەروون فێنـــك ئەکاتەوە ئەوەیە کـــە ئەدەبی میللی کە (ئەدەبی عەوام)ە لەلای کوردەکان زۆر دەوڵەمەندەو لقو پۆپی هەموو جۆرە شیعرێکی کلاسیکی کۆن ئەگرێتـــەوە .. بەڵگەی ئەم قسەیەش ئەوەیە کەئەدیبـــەی فەرەنسی (پول مارگریت) لە کتێبەکـــەیا(لێکۆڵینەوە لـــە شیعری کوردی یا) ئەڵێت : (ئەدەبیعەوام لەلای کـــوردەکان زۆر دەوڵەمەندە بەگۆرانیو لاواند-نەوەو چیـرۆكو دەنگو باسو بەسەرهات ، بەڵام جێگای داخەکە دانەری ئەمانە چ پیـــاو چ ئافرەت تا ئەمڕۆ نەناسراون) .

هەروەهـــا زۆر گۆرانیوبەستەو داستانو مەلحەمەهەیە کە دەربارەی خۆشەویســـتینوهەر ناوچەیەك لە ناوچـــە- کوردییەکان سەر گروشـــتەوبەسەرهاتی تایبەتی خـــۆی هەیە .

بەستەی سوارو سوارچاکی ،بەستەی هەڵپەڕین ، سکاڵاکردن لە خۆشەویستی یا ، دەربارەیسۆزی نیشتمانی ، دەربـــارەی ئافرەتو جوانی یەکـــەی ،سروشتو تەلیســـمو نەهێنی- یەکانی ، هەروەها زۆر بەستەیتایبەتی ئایینی هەیە بۆ تەکیەو دەروێشەکانی کە بەدەفەوە لـێ ئەدرێن ، تەنانەت بەســـتەی بەهارو نەورۆز کە جەژنێکـــی نەتەوایەتی پیرۆزە لـــە لای میللەتی کورد بەوەی کـــە پەیوەندی بە مێژووی پڕ لـــە شانازییەوە هەیە بەشێکی زۆرلە خەرمانی شیعرو ئەدەبی کورد ئەگرێتەوە ، شان بە شـــانیبەستەی ماڵ ئاوایی لـــە سروشت وبەستەی دروێنـــەوچاندنی مێو ، دوا بـــە دوای ئەمانە ئەو گۆرانییە خـــۆشوناسکانە دێن کە کیژۆڵـــە نازدارەکان بە دەم دروســـتکردنی بەرەو قاڵیو بەدیـــار تەونەکانیانەوە ئەیڵێـــنوئەیڵێنەوە .

بۆ لەبکە ئەسپیەکەم

بۆ لەبکە ... !

لەشیعری : ڕەسول حەمزاتۆڤ
گۆڕینی : هونەر

ڕۆژێ سێ ئافرەت بە ڕێیان کردم
یەکەمیان پشتی دا بـــەدیوارەکەوەو
بێ ئەوەی سەر داخا ، وتی :
ئەگەر تۆمنت لە بیر بچێتەوەناگریم
دوەمیان لە بەردەرگای ماڵەکەوەستاو
کوننـــەیەکی پڕی پێ بوو ، گوێم لێ بوو وتی :
بگەڕێرەوە بۆ لام ، هیـــچ دوامەکەوە
سێیەمیان : هەناسـەیەکی هەڵکێشاو هیچی نەوت
هەر کە لە شاخەکە پێچـم کردەوە .
ئەو شاخەی پارچە هەورێکی ئەرخەوانی داپۆ شیبو
یەکەمم بیر چووەوە
لە پێچەکەی ترا بـە دەروونێکی ئاسوودەوە
دوەمیشم بیر چوەوە
فریم ، سەدان ڕێـــگام کوتایەوە
لەگەڵ ڕۆژگارا هاتم وچووم
کەچی لەگەڵ ئەوەشـــدا نەمتوانی
سێیەمیانم لە بیر بچێتـــەوە کـــە
ماچم کردوە
کە گەڕامەوە بۆ لووتکەکە
یەکەمی نەگریسم دی لەسەر سەربانە کە چاوەڕێ یە
دوەمی ساوێلکەش هاتـــە دەرەوەو
بەکوننە پیرەکەیەوە هـــات بە پیرمەوە
کەچی سێ یەم
نەهات بۆ پێشوازیم
لەگەڵ ئەوەشا
هەتا دنیا دنیایە
ناتوانم لە بیرم بچێتەوە
شەوانیش هەر خەو بەو
سێیەمەوە ئەبینم کە
ماچم کردوە

✧✱✧

لە چیرۆکەکانی • لیۆن تۆلستۆی •

بۆ منداڵان

گۆڕینی : شەماڵ

-٣-

دایکەکە قۆخی کڕیو ویستی پاش نان خواردنی نیوەڕو بیدا بە مناڵەکانی ... قۆخەکانی کردەقاپێکەوە .. فانیای بچکۆلـــە هێشتا لە ژیانیـــا تامی قۆخـــی نەکرد بوو ، بۆیە بە تامەزرۆیی کەوتە بۆن کردنیو زۆر بـــەلایەوە شتێکی ســـەیر بوو ، حەزی ئەکرد بیخوا ، ئەهـاتو ئەچوو قۆخەی بە دەستەوە بوو، کە ژوورەکە چۆل بوو خۆی پێ نە گیراو قۆخەکـــەی خوارد . لەبەر ئەوەی دایکەش قۆخەکانی پێش نان خواردن ژمارد بوو ، یەکسەرزانی قوخێكدیار نی یە، ئەم هەواڵەی بە باوکی مناڵەکان گەیاند . لەسەر نانخواردنەکە باوکە وتی :-

ڕۆڵەکانم ! هیچ کامتـــان قۆخەکەتان نەخواردوە ؟

هەموو وتیان :- نەء ، فانیادەمو چاوی سوور هەڵگەڕا وەك زەڕنەقووتەو وتی : نەء ، نـەمخواردوە ..

ئنجا باوکە وتی :-

وابزانم شتێکی جوان نی یـەیەکێکتان بە تاقی تەنیا قوخێك بخوات ، لەگەڵ ئەوەشـــا منمەبەستم خواردنی قۆخەکە نی یە



لیون تۆلستۆی

بەڵکوو مەبەســـتم ئەوەیە قۆخ ناوکی هەیە ، هەر کەسێ نەزانێ قۆخ چۆن ئەخورێ لەوانەیـــەناوکەکەشی پێـوە قوت بداتو دوای ڕۆژێك بمرێ ، من ئا لەمە ئەترسم » .

فانیا ڕەنگی تێك چوو وتی :« نـــەء ، من ناوکەکەیم لـــە پەنجەرەکەوە فڕێدایە خوارەوە»

هەموویان دەستیان کـــرد بەپێکەنین فانیاش گریا .

بەستەیەك بۆ هەژاری

شیعری : پابلۆنیرۆدا
گۆڕینی : ل

ئەی هەژاری
لەو کاتەوە لە دایك بووم
بە دوامەوەی
لە کلۆری درەختەوە ،
زستانی ساردو سەختەوە
چاوی زەقت تێ بڕیوم
لە کەلە بەرو کونەوە
هەموو شەوێ
تەق تەقی کلیلو کلۆم
ناوەکەی تۆ ئەهێنێ بۆم
لە گەڵ نیشانو ڕەگەزتا
دیمەنی خوێدانی شکاو
جلو بەرگی کۆنو دڕاو
شڕیی پێڵاو
سڵ کردنی پێ بەخشیوم
هەر لە پارێزی منابووی
بە کەڵبە تیژ نەخۆرەکەت
بە چاوانی برستیەوە
دەمی خۆڵەمێشیتەوە
جل ئەدڕێنی
دار ئەشکێنی
ئێسقانو خوێن ئەپروێنـی
لێرەو لەوێ بە دوا مەوە
وەکوو سێبەر
لە کۆڵانو شەقامەوە
لەو کاتەوە لە دایك بووم
لە ژوورە بچکۆلەکەمدا
لە گوزەردا
تۆم ئەدی چیچکەت کردووە
چاوەڕێم بووی
کە پەردەی تەختەی نووستنم

لە ئوتێلیکدا لائەدا
لە ڕۆژانی گەنجێتی ما
لە جێی بۆنو بەرامەی گوڵ
فیشکەی دەمی سڕت بووە
×
ئەی هەژاری
شوێنم کەوتی
لە سەکەنەو خەستەخانە
لە سەردەمی ئاشتیو شەڕا
×
هەر کەمن نەخۆش ئەکەوتم
تەق تەق لە دەرگایان ئەدام
بەڵام ئەوەی ئەهـــاتە لام
پزیشکی دەردەکەم نـەبوو
بەڵکوو تۆ بووی ئەی هەژاری
کە ئەهاتیتەوە بۆ لام
شتەکانت فڕێ ئەدام
بۆ چەقی ڕێگاو بانەکان
کە پیاوەکان
پێیان ئەکرد بەردە باران
تۆشم ئەدی چەن دەستو برد
بەو پەڕی ڕقەوە فینەوە
لە شتی فەرامۆش کراو
لە چەقی ڕێو بەر بارانا
تەختێکی رزیوت ئەکرد
سەر پەرشتیت ئەکرد وردە ورد
سەر پەرشتی هەژارەکان
ئەمدی کە چۆن دەفری(١) دوایی
ئەکەی بە تاجی پاشایی
ئێستاش ئەمە تا منم من

ئەی هەژاری !
کە پیشەمە شوێن تۆ کەوتن
تۆ دڵرەق بووی
بۆیە منیش وا دڵرە قم
ئەمبینی گۆرانی ئەڵێم
لەگەڵ هەموو هەژارێکا
تۆ گۆرانی من ئەبیستی
لە ژێر پەردەی گشت تەختێکا
لە خەستەخانەی ستەما
گورانییەکەی من ئەبیسی
×
ئەی هەژاری !
تاکوو مابم
هیچ دەست بەرداری تۆ نـابم
لە چـوار لاوە
راوت ئەکەم
ئابلۆقەی مردنت ئەدەم
ئەتکەم بەنیشانی تیرم
ئەتکەم بەدیلو یەخسـیرم
نینۆکەکانت ئەشکێنم
کەڵبەت یەك یەك دەرئەهێنم
لە ناو مەرپای ڕاوکـەرانا
لە گشت شوێنێ
لە قووڵایی کانەکانا
لە هەرجێیە
پیاوی لێیە
کەوا ئارەقی ڕەشو شـین
لە ناوچەوان ئەسڕنەوە
شیعری منەو ئەیڵێنەوە
دەستی سپیو دیارین ئێمە

هەموو ڕۆژێ
لەگەڵ کرێکاری چنین
نان ئەبەخشین
بەگشت نانەوا خانەکان
ئەی هەژاری !
تۆ لە کوێ بی
گۆرانیم بەرز ئەبێتەوە
ژیانی من ئەژێتەوە
خوێنەکەم بە قوڵپی خەبات
ئاڵای زەردی تۆ لا ئـەبات
شاعیری کۆنی رابـــوردوو
تۆی زۆر بەلاوە پیرۆز بوو
نەمر بووی ، تۆی لە لا چاك بوو
دوو کەڵی لەلا خۆراك بوو
تاکوو سەردەمیان بە سەرچوو
بەڵام وا من
بە ئاگری شیعر وتن
تەختو بەختت ئەسووتێنم
لە پایۆریکت ئەخزێنم
من وئەوانەی وەك منن
زۆر داخ لـە دڵو دوژمنن
بە دەردێکی ئەوتۆت ئەبەین
وەها شار بەدەرت ئەکەین
لەم ئەرزە جێت نەبێتەوە
فڕێت ئەدەینە مانگەوە
تا لەوێـــوە
وەك بەندییەکی ساردو سڕ
سەرنج دەی بە چاوێـکەوە
بۆ ئەو نانو هێشوانەی
دنیای سبەی ئەگرنەوە

بابلۆ نیرۆدا

٤٠ ملیۆنا دینار بۆ دروست کردنی ..٣ گوند بۆ جوتیاران تەرخان کراوە ...

دەزگـای نیشتەجێ کردنی لادێ نشینەکان بە هاوکـاری یەکێتی گشتی کۆمەڵەی جوتیاران چەند شوێنێکیان دەست نیشـان کرد ، بۆ ئەوەی ٣٠ دێی تیادادروست بکرێ بۆ جوتیاران . ئەم پرۆژەیەش نزیکـەی ٤٠ ملیۆن دیناری تێ ئەچێ .

هەروەها بڕیاروایە کەدەزگای نیشتەجێ کردن بـەم زوانـە قۆنتەراتی دروست کـردنی ١٠هەزار خانوو لەکوردستان‌و ١٠ هەزاری تر لە پارێزگاکـانی خوارووو بۆ جوتیاران بڵاوبکاتەوە وە لە هەفتەی ئاینـدەش دادەست ئەکرێ بە دروست کردنی دوو گوندی نوێ لەقـەزای شەترەی پارێزگـەی ذی‌قارو ئەوی تریان لەپارێزگەی بابل .

هەر گوندێ لەم دوانە ١٥٠خانوی تیادا ئەبێ لەگـەڵ قوتابخانەیەکی سـەرەتایی‌وخەستەخانەو بازاڕێکی نوێ .

هێنانی ٣٠ هەزار بەتانی لـە دەرەوە

دامەزراوی گشتی بازرگانی ، بەبۆنەی نزیك بوونەوەی وەرزی پایزەوە ، بڕیاری‌دا کـە ٣٠ هەزار بەتانی هەمە چەشـنە لەدەرەوەی وڵات بهێنێ . ئەم پیویسـتی هاوڵاتی‌یان بـە بڕیارەش بۆیە دراوە تاوەکـو دەستوبردی‌و لەکاتی خۆیـدا جێ‌بەجێ بکرێت .

تەرخان کردنی ١٠ ملیۆن دینار بۆ پرۆژەی رێگاو بانی کوردستان

بەڕێوەبەری گشتی أشغال‌رایگەیاند کە نزیکەی ١٠ ملیۆن‌و ٤٠٠ هەزار دینـار تەرخان کراوە بۆ پرۆژەی رێگـاوبانی‌هەولێرو کەرکـووك‌و دهۆك‌و نەینەوا .

وەهەروەها راگەیەنرا کە ئەم‌پرۆژانە بریتین لـە چاکردنی‌رێگای هەولێرو کۆیە بـە دوو ملیۆن دینارو رێگای هـەولێرو پردێ بە (٧٥٠) هەزار دینارو رێگای هەولێرو مەخمور بـە ملیۆنێك‌و ٥٠٠ هەزار دینـارو رێگای‌میراوە - حەریر- سپیلك بە ٧٥٠ هەزار دینار .

هەروەها چاککـردن‌و قیرتاو کردنی رێگای کەرکوك - قەرە حەسەن - قادرکەرم بەملیونێك‌و ٥٠٠ هەزار دینارو رێگـای باسلکی - کریشنە - العاصی بە ٤٠٠ هەزار دینارو رێگـای ابراهیم الخلیل - پێشـخابوو بە ملیونێك دینارو رێگـای زمارتل - ابی ظاهـر بە دوو ملیۆن دینار ئەوەی شایانی باسە ئەندازیارەکانی دەزگای ناوبراو هەفتـەی رابوردو چاویان بەجێگای ئەوپرۆژانەکەوت‌و بەم زوانە دەستیان پێ ئەکرێت .

له وەزارەتی تەندروسـتی بڵاوکرایەوە کە بڕیار وایە چەند مەڵبەندێکی تەندروستی لـەچەند ناوچـەیەکی وڵات دا بکرێتەوەو وەکو خەمڵ کـراوە ئەم مەڵبەندە تەندروستی یانـە ٢٠٠ هەزار دینـاریان تێ ئەچێت .

وە لەمانە ١٥ مەڵبەندیان لەدێ وقەزاو ناوچەکانی ئەنبـار ئەبێ‌و ٣٧ هەزار دیناریان بۆتەرخان ئەکرێ وجگەلەمانـەش چەند خانۆیەك دروست ئەکرێ بۆ خێزانی ئەوپزشکانەی کـە بۆ ئەم مەڵبەندە تەندروستی یانە ئەنێردرین بۆ خزمەت کردن بە هاوولاتیان سەرەڕای ئەمانـەش بڵاوکرایەوە کـە **بڕیار دراوە** ی خۆپاراسـتنی (الوقایە) لە نەخۆشی لەبەسرە بکرێتەوەو ١٨٨ هەزار دیناری بۆ تەرخان کراوە .

ئەوەی شایانی باسیشـەوەزارەتی تەندروستی لەبـەر- نامەی کاری ساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥دا نزیکەی ٧٣٠ هەزار دینـاری بۆئەم جۆرە پرۆژانە تەرخـان-کراوە .

ئەم هەفتەیە لەمێژوودا

نەریمـان

ئەم هەفتەیەمان کە لە ١٧ تا ٢٣ ی ئاب ئەگرێتەوەو ڕێکەوتی ٢٩ی رەجەب تا ٥ی شەعبانە هەروەها رێکەوتە لەگەڵ ٢٦ ی خەرمانان تا ١ی گەلاوێژی کوردی ئـــەم روداوە گرنگانەی تیادا قەوماوە :

روداوی کوردی :

لە ١٧ی ئابی ١٩٦٥دا کۆنگرەی دەهـــەمی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا لـــە شاری بەرلین کۆبووەوە .

لە ٢٠ی ئابی ١٩١٩ دا شۆرشی برایم خـــانی دەلۆ دەستی پێ‌کرد .

لە ٢٠ی ئابی ٩٢٢ دا یەکەم ژمارەی رۆژنامـــەی بانگی کوردستان بڵاوکرایەوە .

لە ٢٠ی ئابی ٩٤٧ دا مفتی عبدالعـــزیز چاومار کۆچی دوایی کرد .

لە ٢٢ی ئابی ١٩٧٣ دا دکتۆر نوری دەرسیمی لە حەڵەب کۆچی دوایی کرد .

لە ٢٣ی ئابی ١٩١٩دا فرۆکـــەکانی بەریتانیا شورشگێرانی گولی لە ناوچەی زاخو بۆمباباران کرد .

لە ٢٣ی ئابی ١٩٢٢دا لە دەربەندی رانیە شەرێکی قورس نێوان شورشگیرانی پشدەرو هێزی بەریتانیای داگیرکەر روی‌دا . هـــەر لەهەمان رۆژو ســـاڵدا

بڕوانە ل -٧-

پێشانگای کتێبی عیراق لە قاهیرە .

بڕیاروایە کـــە لەمانگی تشرینی دووەمی ئایندەدا وە بۆ ماوەی هەفتـــەیەك وەزارەتی راگەیاندن پێشانگایەکی کتێبی عیراق لەشاری قاهیرەی کۆماری میسر بکاتەوە . وە لەکـــاتی کردنەوەی پێشانگاکەدا چەنـد چالاکی‌یەکی هونەری‌و روشـن بیری لە گەڵ بەرهەمی نووسەرانی عیراق نیسان ئەدرێ .

کۆچی دوایی عبد المجید وەنداوی

رۆژی پێنج شەممەکەی نر ٧-٨-١٩٧٤ مامۆستا عبد المجید وەنداوی نووسـەرو رۆژنامەنووسی چـالاك‌و پێشکەوتنخواز کـەوت‌و پرو لە ناکاو کۆچی دوایی کـرد . کۆچی خوالێخۆشبو زیانێکی گەورەو گران‌بو لەژیـانی رۆژنامەگـەری‌و ئەدەبی ودیموکراتی کەوت‌و مێژو- یەکی گەش‌و رووناکی هەبوو لە مەیدانی بیرو نووسین‌و رۆژنامەگەریدا ، لەم دواییەدا لـە رۆژنامەکانی وڵاتدا دەورێکی دیاربووی هەبوو . بنەماڵـەی رۆژنامـەی (هاوکاری) پڕ بـەدڵ ، بەوپەڕی ماتەمی‌یەوە ، پرسە لـە کەس‌وکاری خوالێ- خۆشبوو ئـەکات داواکارە لەیەزدانی مەزن سـەبوری بەکەس‌و کارو دۆسـت وخزم‌و خوێشانی بدات .

هاوکاری

بەنزینخانەیەك لە شاری کۆیە ئەکرێتەوە

بەرێوەبەرایەتی دابەش‌کردنی بەرهەمی نەوت لەشاری کەرکوك رای‌گەیاند کە بڕیـار دراوە بەنزینخانەیەکی باش بۆدابەش کردنی نەوت‌و بـەنزین‌و گاز لەشاری کۆیە دروست‌بکرێت .

دروست کردنی ئـەم بەنزینخانە نوێیە ســالێکی پێ‌ئەچێ‌و نزیکەی نیو مليـون دیناری بۆ تەرخـان کراوە . وزەکەشی ئەکاتە ١٥٠ کالۆن لە رۆژێکدا .

دۆلار شکاو ئالتون گران بوو

رۆژی ١٤-٨ لەبـازاڕی لەندەن سەرلەنوێ ئاڵتون گران بووەو دۆلاریش شـکایەوە ! وەکو زانراویشـە لەبازاڕی زیۆریخی سویسرا ئالتـون ئۆقیەی ٥ دولار گران‌بووەو لـە بازاڕی لەندەنیش‌دا ٣ دۆلارو ٢٥ سەنت گران بووە .

چۆن لە ئەڵەمانیای دیموکراتی زەوی سازئەکرێ

ئەمەی پێشکەشتانی ئەکەین پوختـەی بەشێکە لە بڵاکراوەیەکی تایبەتی قوتابخانەی بەرزی (فریش هێکرت) کە سەر بە یەکێتی نەقابەکانی ئەڵەمانیای دیموکراتی لە (برناو) وە مامۆستا (هرمان بێن) بۆ قوتابیەکـانی خوێندۆتەوە ، ئەم بڵاوکراوەیە لە (ســالی ١٩٧١) چەند برایەکی نەقابی کە بەسەردان چوبون بۆ ئەوێ لە گەڕانەوەیاندا لەگـــەڵ خۆیاندا هێنا بویانەوە جا لەگەڵ ئەوەی باری ئابووری‌و چینایەتی ولاتێکی ئەوروپـا زۆر جیاوازە لەگەڵ ولاتێکی دواکەوتوی وەکـوو ئێمەدا ، بەڵام وەکـــوو تاقی کردنەوەیەکی شورشگێری‌و هەروەها بۆ شارەزا بوون لە چونێتی زەوی ســازی (چارە ســەرکردنی کشتوکاڵ) لەو جۆرەوڵاتانەدا بە پیویستیمان زانی ، بیکەین بە کوردی .

پاش تێکشکاندنی هیتلەر- یەکان زەوی سازی ئەرکێك بوو لە ئەرکە هەرە گرنگەکـانی سەرشانی هێزەکانی دژ بـە فاشیزم .

بۆچی زەوی سازی پێویست بوو ؟

أ -ئەبوایە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری موڵکدارە گەورەکان‌و تاوانبارانی جەنگ‌و فاشیستە- کان نەهێلرێت ، ئەم داواکاریە لەگەڵ بەرژەوەندی بنچینەیی‌و سیاسی ناوکۆری چینی کرێکارو جوتیارە زەحمەت کێشـەکان‌و هێـــزە بورژاویە دژ بـــە فاشیستەکاندا ئەگونجا . بەشی زۆری زەویە کشـت‌و کاڵیەکان‌و زەویە پردارستانە ئابووریەکان لە ژێر دەســتی بوون : موڵکدارە گەورەکـــاندا بوون (٢٫٨٠٠) موڵکداری گـەورە هەیەتی ، چەند دەزگایەکی کشت‌وکاڵیان هەبوو هەریەکـەیان (١٠٠٠) هەکتار زیاتر نەبوو وە مۆڵکە- کانیان بەتیکرایی ئەگەیشـتە (٥) هەکتار واتە تێکرایی ئـەو زەویانەی بۆ کشتوکاڵ ئەشیان‌و جوتیارەکـــان خاوەنی بوون ئەگەیشتە (٣٥) ملیون هەکتار لەهەمان کاتدا مولکـــدارە گەورەکان زروفێکی تایبـــەتی خۆیان هـەبوو بەتایبـــەتی دەورێکـــی کۆنەپەرستانەو شەڕانیان لـە ئەڵەمانیـــای ئیمپریالسـت دا ئەگێـــرا وە پارێزەرێکی سەرەکی فاشـیزم بەبێ رووت کردنەوەی چینی کۆنەپەرست لەو موڵکانەی ، هەرگیـز نەئەتوانرا گۆڕانێکی دیموکراتیانە لـــە ئەڵەمانیادا رووبدات .

ب - ئەو موڵکدارە گەورانەی ئەڵەمانیـــا بـەهۆی رژێمی دەرەبەگایەتی‌و یاســـاکانی دەوڵەتی‌و سەرمایەداریەوە ئـەو موڵکانەیان چنگ کەوتبـــو لێسەندنەوەیان‌و دابەش کردنیان داوا کاری جوتیارە هەژارەکـان وکریکارە کشت‌وکاڵیەکان بوو لە دەیان ســـاڵەوە و پارتی کومنیستی ئەڵەمانیاش لـــەم داواکاریە ئەکرد .

ج - ئەبو شوێنێکی نوێ بۆ

لاپەڕە - ٧

(فەهمی قەرەداغی)

هەولێر لە کۆن و نوێ دا

یەکەم فلیمی کوردی

پاش چەند رۆژێکی کەم لـە بەرهەم هێنانی بەڕێوەبەرێتیی گشتیی رۆشنبیریی کوردی و سیناریۆ و دەرهێنانی هونـەر- مەند سەعید زەنگەنە یەکـەم فلیمی سینەمایی (هەولێر لـە کۆن و نوێ)دا بەسێ زمـان لە تەلەفزیون و سینەما کاـا نیشان ئەدرێت .

● لەم فلیمە دا هەولێر لە سەردەمی سۆمەرو بابـــل‌و فارس و یۆنـــان و پارتی و ساسانی و ئیسلام‌دا ئەبینرێت .

● ئەشکەوتی (شانەدەر) کە (٧٠ هەزار ســـاڵ پێش زاییـــن مرۆڤی نیاندرتالی لێ ژیاوە) لە گەل (زاوی چەمێ) کە یەکەم دێیە لە رۆژ هەڵاتی ناوە راست دا بۆ یەکەم جـــار مرۆڤ لـەم ئەشکەوتە وە دەر- چووە و لەوێ دەستی کردووە بەزەوی کێلان و ئاژەڵ بە خێو کردن .

● **قەڵای خانزاد و قارەمانی کورد ســـەلاحەدینی ئەیوبی و پاشای کۆرە .**

● **هێرشی مەغۆلیـەکان بۆ سەر قەڵا و وێران کردنی ئـەم ناوچەیە ، جگە لەوەی کە لـەم فلیمە دا چالاکی هونەری ئـەم شارە نیشان ئەدرێت لە شـانۆ گەری و گۆرانی و مۆسیقا و هەڵپەرکێ و هونەری تەشـکیلی لە گەڵ بزوتنـەوەی ئەدەبی و رۆشنبیریدا .**

ئەم برایانە بەم شێوەیە لەم فلیمە دا بەشداریان کردووە : محمود زامدار رابەری رێگا و لێدووان بـە کوردی ، فارووق ئامێدی بەڕێوەبەری بەرهـــەم هێنان ، شـــمعون بەرواری مونتاژو هەڵبژاردنی موسیقا ، وجیه احمد وێنەگر ، موفـــق السامرائی لێ دووان بە عەزەبی، غسان غضبان لێ دووان بـــە ئینگلیزی .

● **هونەرمەند ســـەعیدزەنگەنە لە چەند دێرێکدا :-**

لە ساڵی ١٩٤٦ لە شـــاری کەرکوك دا چاوی هەڵێنـــاوەو قوتابخانەی ناوندی‌و ئامادویی لە شاری بەغـدا تەواوکردووە چەند ساڵێك لـــە زانستگای هونەرە جوانەکانی بەغدا لە بەشی (نواندن)دا خویندویەتی وهەروەها لەدەورەیەکی تایبەتی‌دا شەهادەی ئەوەیان دایەکە ببی بەدەرهێنەری تەلەفزیۆنی .

● ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری کۆمـــەلی هونەروو وێژەی کوردی‌یە لە بەغدا .

● لەدواییدا بۆ بە بەرێوەبەری هونەری کۆمەڵە .

● ئێســـتا ئەندامێکی کاریگەری تیپی (مسرح‌الیوم)ی شاری بەغدا یە .

● ئێستاش سەرپەرشتی کاری بەشـــی بەرنامەکانی بەڕێوەبەرێتی گشـــتی‌رۆشنبیری کوردی یە . بە بۆنەی دەرچوونی ئەم فلیمـەدەروازەی ئەم گفتو گۆیەمان لە گەڵ ئەم هونەرمـەندە دا والاکرد .

● بەرهەمێکی ســـینەمایی‌زۆر پیرۆزو بـە نرختان بـە نەتەوەی کورد پێشکەش کرد . بە تایبەتی ئەم فلیمە یەکـەم فلیمی کوردی یە ، ئایا هەست بە چی ئەکەن ؟

— بێ مەلامەت نیە ئەوانەی کە (خزمەتی) نەتەوەی خـۆیان ئەکەن هەست بـــە کامەرانی بکەن ، چونکە ئەوەی لە نـاو دڵیەوە بە ســـۆز بەرهەمێك پێشکەش بکات بێ گـــومان هەست بە خۆشی‌یەکی بێ‌شومار ئەکات . منیـــش راستەوخۆ ئەڵێم .

هەست بەوە ئەکەم کە لـــەشاپۆپەی کامەرانی دام هەمیشە کامەرانی من لەوەدایە کـــە بەردەوام بم لە خزمەت کـردنی نەتەوەکەم - نەتەوەی کورد .

● **ئەو بەرهەمەی کـــە بینیمان گەلێکمان لە بارەیـــەوە بیستبوو ، ئایـــا بەڕێوەبەرێتی گشتی‌ی رۆشنبیری‌ی کوردی دەوری چی بوو ؟ ئایا پرۆژەی تر تان بـــە دەستەوە هەیە ؟**

— بەڕێوە بەرێتی گشتی‌ی رۆشنبیری‌ی کوردی دەورێکـی زۆر بەرزوو بێ پایانی هەبوو لە پێناوی هێنانەدی ئەم فلیمەدا بە تایبەتی - دکتۆر (احســـان فوءاد) وە ئەتوانم بڵێم بە هیچ شێوەیەك دڕێغیان نەکردووە .

ئێستا بیری بەرهەم هێنـــانی فلیمێکی - روائی - مان لـــە مێشکدا یە ئەویش (مەم و زینە) بەڵام ئەبێ توانایەکی زۆری بۆ تەرخان بکرێت .

● بێ گـــومان دەرهێنانی (فلیم) لـــە هەموو ولاتانی جیهاندا پارەو توانایـــەکی زۆری تێ ئەچێت ، بـــەڵام بێ گـــومان فلیمەکەمان بینی بەوە ئەچێت کە توانایەکی زۆری بۆ تەرخان کرا بێت وەیا چۆن ئەو فلیمـــە هاتە دێ ؟

— بەرهێنانی فلیم ئاسان نیە کوسپ‌و کەندێکی زورم هاتەرێ بەڵام دامەزراوی گشـــتی‌ی دەزگای ئیستگەی تەلەفزیۆن‌و سینەما بەپێی توانا یارمەتی‌یان داین .

● **کێ سیناریۆی ئـــەم فلیمەی نوسی‌و چۆن ئـــەم بیرە هاتە کایەوە ؟**

— سـیناریوکـــەی من نووســـیم ، دەوری (١٥٠٠) ئیزبارەی(ئەسەریم) خوێندەوەو پاشان گۆڤاری ســـۆمەرم

سەعید زەنگەنە

خوێندەوە لە یەکەم ژمارەیـەوە کە لە ساڵی ١٩٤٦دا دەرچوو تا دوا ژمارەی ساڵی ١٩٧٤ بێجگە لە (٣٠٠) تا (٤٠٠) کتێب لـــە پەیوەندی بە هەولێرەوە هەبێ ، ئەمەش دەوری (٣) مانگی خایاند بە شەوو رۆژەوە پاشان لە گەل کاك (محمـــود زامدار) بـــە هەموو ناوچەکانی هەولێردا گەڕاین لە شارەکەوە بگرە تا هەموو ئەشکەوتەکان .

تا سنووری کوردســـتانی رۆژهەڵات لە لایەکەوەو تـــا سنووری تورکیـاش لەولاوە ، هەروەها پەیوەندیمان لە گـەل هەموو رۆشنبیران‌و ئەدیبـان‌و هونەرمەندانی شارەکە کرد .. لێرە دا قەت‌کۆششە بێ پایانە- کەی کاکە (محمود)م لە یـاد نا چێت پاشان گەڕاینـەوە بۆ بەغدا بەبێ ئەوەی وشـــەیەك بنووسم لە بەغدا زۆر لە سـەر خۆ دەستم کرد بە نووسـینی سیناریۆی سینەمایی فلیمەکە کاتێ کە بەڕێوەبەرێتی گشتی‌ی رۆشنبیری‌ی کوردی‌و دامـەز- راوی گشتی‌ی دەزگاری ئیسگەو تەلەفزیۆن‌و سینەما بەمـەیان زانی لە گەل (شیراك)دا کـە لێپرسراوی بەشی ســینەمایە لەوێ زۆریان لا پەســند بوو هانیان‌دام بۆ دەرهێنانی فلیمەکە وە لێرە دا کاکە (جـــەلال بەیتوشیم) لە یاد ناچێت کـە هێزێکی پاڵ‌پێوەنەر بوو بـــۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە پیرۆزە .

- احلام منصور -
ئامادەی کردوە

شانۆی بوکە شوشە !

شانۆی عیراق بەگشـــتی‌و شانۆی کوردیمان بەتایبـــەتی چەند چەشنێکی شانۆی تیـــادا ون‌بووە لەمانە شانۆی (بوکە شوشە) . ئەم شانۆیە ، لـــە وڵاتانی سوشالیستی‌دا لەبـــەر ئەوەی پەیوەندی بـــە پەروەردە کردنی نەوەی دوارۆژ هـــەیە ، بایەخێکـــی زۆری پێ ئەدرێ‌و هەروەها بەمەیانێـــکی فراوانی روشنبیری دائەنرێ ، سەرەڕای ئەوەی ئەم جـــۆرە شانۆیە رێگایەکی راست‌و سوك‌و رەوانە بۆ دەربڕینی هەســـتی مرۆڤ‌و گەیاندنی بەبینەران ، بەتایبەتی ساوایان .

مێژوی سەرهەڵدانی ئـــەم شانۆیە دوروو درێژە ، بـــەڵام زوربەی شارەزایانی ئەم بابەتەی هونەرە وەکو جلین هیوز لـەو باوەڕەدان کە :-

پێش دوو هەزار ساڵ بەر لە زایین چینەکانی ئەوســـای کۆمەڵ جۆن ئاهەنگێکی ئایینیان ئەگێڕاو لە ئاهەنگە دا سـەمە- کەرو گورانی بێژ بەشـــداریان تیادا ئەکرد ، هەروەها ئـــەم دیمەنانەبون بە بەردی بناغـەی هونەری دراما ، جـگە لەمەش پێش هەزار ساڵ بەر لەزاییـن هونەری خەیاڵی سێبەر بـــە رادەیەکی زۆر بەرەوپێشـەوە چوو .

ئەوی ڕاستی بێ هەروەکو لـە ئەنجامی لێکۆڵینەوەو پشکنین دەرکەوتووە ، شانۆی بوکـە- شوشە ، تاوەکو ئێستا نەتوا- نراوە ســـەرەتای پەیدابوونی‌و ساڵی سەرهەڵدانی دیاری‌بکرێ ئەوەندە نەبێ ئەتوانین بڵییـــن کەماوەیەکی دوورو درێژە ئـەم شانۆیە پەیدا بووە .

چۆنیەتی پەیدابونی

لە سەرەتادا سەرۆکی خێزان لەماڵەوە ، هەروەکـو ئاگاداران ئەڵێن ، جۆرە سەمایەکی بـــە بوکە شوشـــەکە ئەکردو ئەندامانی تری خێزانەکـــە سەیریان ئەکرد ، لە پاشانا ئەم هونەرە ، خەڵکی تایبەتی بـــۆدۆزرایەوەو ئەم خەڵکە تایبەتی- یانـــە وردە وردە شارەزاییان‌لەم هونەرە پەیداکردو لـــە سەرەتاوە بوکەشوشەکەیان بـــەقامیش‌و دەزوو هەردوو قـــوڵ هەڵئە ســـوڕاند ، ئەوکەسەش‌لەسەرشانۆکە لەســـــەر حەسیرێك‌و لـــە نێوان پەردەوچرایەك دائەنیشت‌و بوکەشـو- شەکەی بەدەستەوە ئەگـرت‌و بەرزی ئەکردەوە سەرســـەری خۆیی‌و بینەرانی شانۆکـــەش‌زیاتر تەماشای ســـێبەری جولانەوەی بوکەشوشەکـــەیان‌ئەکرد .

جالێرەوە چەند شارەزارەیەك‌لەوباوەڕەدان کەولاتی هیندستان سەرچاوەی سەرهەڵدانی ئـــەم‌جۆرە شانۆیەبووە .

وەلـــەم مەیانەدا داستانێکی‌هیندستان ئەڵێ :-

کچی خاوەن پیشەیەك ، کە لەهیندســـــتان سنعات‌کارێکی بەناوبانگ بووە ، ئەوکچە چەند بوکەشوشەیەکی دروست‌کردو بەدەستە خوشکێکی خـــۆی بەخشین ئەو دەستە خوشکەشی کچی پاشایەك بووە .

داستانەکە دیسانەوە ئەڵێ : بوکەشوشەیەك لەمانـــــە بەگوشینی پارچـــــە دارێك‌بەئاسماندا ئەفری‌و یەکێکـــــی تریان سەماس ئەکردو ئـەوی‌تریان بەقسە ئەهات‌وە ئـــەم باسەش هیلین . هـ . جۆزیـف‌لەکتێبی بوکەشوشەدا ئەیگێر- ێتەوە .

لەلایەکی‌ترەوە خەڵکی ژاپۆن‌هەر لەکۆنەوە شـــــانۆی بۆکەشوشەیان بە هۆیەکی کات‌بەسەر بردن‌و کەیـــــف‌و رابواردن داناوە .

دوای ئـــەم پێشەکیە کورتـــەبۆمان دەرئەکەوێ کـە شانۆی بوکەشوشە وەکو بەشـــەکانی‌تری هونەر سەرەتاو بنچینەو بناغەیەکی هەیـــەو گـــەلانی‌تازەپێـــگە یشـــتوش لەم سەردەمەماندا وەبەتایبـــەتی‌گەلی کوردمان پیویستی بـــە دەست گرتن‌و هانــــدان‌وپێشخستنی ئەم هونەرە ساوایە پڕ بایەخە هەیە ، بۆ ئاراســـتەکردنی نەوەی نـوێ‌و منالانـی ئەمرۆ کە پیاوانی دوارۆژن‌و لەپاشـە رۆژدا ئەرکی پاراستنی گـــەل‌و نیشتمان‌و کومەڵیـــان پێ‌ئەسپێردرێ .

● هاشم علی مندی

ماچ و ... کورد و ... ماچ !!

محمود زامدار

لەبت (میم)و قەدت (ئەلف) و زواف (چیم)
ئەزانی بەم سێ یانە ، تالیبی چیم
(نالی)

ئەڵێن : وشە سەرچاوەی سۆزو تاسەو هەستی مرۆڤە، هەر مرۆڤێ .. بێگومان ئەبێ وشەی (ماچ)یش ئەم خەون‌و تاسە لێکدانەوەیەی لەگەڵ خۆیا هەڵگرتبێ .. سایکۆلۆجیستە فرۆیدیەکان بەرەنگێك‌و لەباری سەرنجێکی ترەوە سەیری (ماچ) دەکەن‌و دەیکەن بە (غەریزە) یەك‌و بەجۆرێ لە (سێکـس بازی) ..! هەندێکی تر هـەن ئەڵێن : (ماچ) بەهەمـو چەشنەکانیەوە ، درێژە دانێکە بە جێژوەرگرتن لـە (پارو)و نەهێشتنی برسێتی ، کە لە پاشا بوە بە سەرشارو سەر ناوێ بۆ دڵداری‌و برایەتی‌و یەکتـر ویستن‌و خۆشەویسـتی .. (ماچ) لە بەینی خزم‌و کەس‌و هاورەچەڵەکا ، نازناوێکە بـۆ دڵنەوازی‌و ڕێزگرتن‌و ئەڤینی .. ئەی‌نابینن لە بەیتی (سوارە سوارە)ی کوردی‌دا ، کچەکەچی بەکوڕەکە ئەڵێ : (ئەگـەر ڕووبەڕوی دوژمن نەبیتـەوە ، ماچی خۆمت لێ قەدەغـە دەکەم ..!) .. لە نێـوان چینەکانی کۆمەڵیش‌دا ، بەربینی مل کەچی‌و گوێڕایەڵی‌و مامـە خنجانێ‌یە ..! هەر وەك چـۆن (ماچ) ئەم دەورە کۆمەڵایەتی‌و سایکۆلۆجیـەی پێدراوە .. ئەئاوایش بـۆ ترس‌و لەرزو تەڵەکەبازی‌و چاووراوو خۆپاراستن‌و فشـەو خۆمەڵاس‌دان‌و شاردنەوەیە .. بەڵام ئەوەی کە پێویستە هەڵنەبوێردرێ ئەوەیە : کە (ئافرەت) ناسـکترین ئافەریدکارێکە ، نـە بەهادان‌و نرخاندنێکی بەپێزو سـۆزی (ماچ)دا .. هەرچەندە ڕێی تێ‌ئەچێ ووشەی (ماچ) لـە دەنگ‌و دەردەنگی (مرچە مرچ‌و ملچە ملچ)ەوە پەیدا بووبێ ..

بەڵام من وا تێ ئەگەم ، ئـەم ووشەیە لە (ماچە)وە ، یانی (ما - مەها - مێ‌یینەی شت)ەوە هاتبێ‌و ڕاسـتەوراستیش بگەڕێتەوە بۆ ئەو دۆخ‌و بارەی کە ژن لە کوردەواری دا دەوری هـەرە دیارو بەزەبروزەنگی هەبووبێ ...!! لە فەرهەنگە کوردیـەکانی خۆمانیش دا بەگەلێ چەشن ناوی (ماچ) ناوزەد کراوە : جاچ بە (لێو مزین) و (لێو کرۆژتن) و (لێو لێسین) ، یا یەکسەر بە (ماچە ماچ) و بە (ماچ‌و مووچ) و بـە (مەچ مەچ) و بە (مـاچ ماچانێ) و بە (راموسین) .. و بە (راموسان) .. دیارترین (ماچ یش کە کە شکۆڵە بەرگو شادەکەی بەندو بەیت‌و گۆرانی‌و داستان‌و ئەفسانەی کۆمـەڵی کوردستان دا تۆمارکرابێ هەر ماچەکانی (مـەم‌و زین)و (سیامەندو خەجێ)و (شیرن‌و فەرهاد)و (شەم‌و شەمزین)و (محمدو سێوێ)و (حسـن ومریەم) و (کاکەلاس‌و خاتو خەزاڵ) دایەوە .. تاد ، کـە خۆی لە خۆی دا ، مایـەی تێرامانێکی ووردو قـووڵ‌و بەجۆش‌و تامە . (ماچ) هەروەك چۆن سۆزێکی ئاگـر تێ‌بەربوە .. ئە ئاوایش هەر شوێنێ لە جەستەی ئادەمیزاد بۆ جۆرێ لە (ماچ کردن) نەرخان کـراوە ، وەك : (ماچی کوڵم‌و لووت و گۆناو سەرپەنجەو چاوو شان‌و مل‌و چەناگەو دەم‌و سەرزمان‌و ناو لەپی دەست‌و گۆپـکەی مەمك‌و سینەو پێ‌و لاڕان‌و سەرو گۆزینگ ... تاد) هەمو ئـەم شوێنانە جۆرە تام‌و جـۆرە هەست‌و جۆرە چێژێك‌و جـۆرە مانایەکی هەیە ..! بۆیـە

ئەبینین : (دڵبەر یادڵدار ، لە دەم‌و لێوی ، باوك یادایك لـە دەستی ، منال لەدەسـت‌و چەناگەی ، مەلا یا شێخ یا پیاوە ماقوڵ لە نێو لە پێ‌دەستی ، نە خۆش‌و مردوو بێ کەس ، لە ناو چەوانی) یەوە (مـاچ) ئەکرێ ! ئەمەیان‌وا ، کە چـی هەزاران ساڵە ، خەڵکی ئـەم سەرزەمینەی ، خوویان بـەم عادەتـە گرتوە ، تائەمرۆی تەکنەلۆجیا لێرەدا من نامەوێ ، ئەم وتارە سادەیەم بکەم بـە وتارێکی (ماچاوی)و بۆ ماچی پێشکەش بکەم‌و بەس .. بەڵکو مەبەستم لەبزەو پێکەنیـن‌و زەردەخەنەو گۆرانی‌و ئاوازی‌و هەمو ئەو شتانەی کە بەندەواری بەو خونچە شکۆفەدارەوە هەیە ، بە (لێو دەم)ەوە هەیە ، کـە شیرنترین‌و زرافترین هەسـت‌و پاکترین سۆزی تێ‌دەرئەچێ ..!

فولکلۆرو ماچ

١ - قەڵاتی هەولێر ، بنەکەی بۆشە
(ماچ)ی گەورە کیژ ، بەپێوە خۆشـە

٢ - (دەمەکەت بێنە ، بیخە ناو دەمم
بەڵکو ساکین بێ دڵەی پڕ غەمم

٣ - (دەمەکەت) بێنە ، (دەمدەمانێ) کەین
(دەم)و خاوەن (دەم) ، بەقوربانی کەین

٤ - بە (ماچ) و (دوو ماچ) لێت نابم‌ڕازی
لەبان سینەکەت ، نەکەم دەسبازی

٥ - وە (ماچ) و (دووماچ) هیچت پێ‌نایێ
کردم ، نانێ بوو ، دات بەگەدایێ

٦ - ئەمشەو دووشەوە ، نەمکردوە (ماچێ)
داخی ئەو (ماچ)ە ، لە دڵ دەر ناچێ

٧ - تازەم زانیوە ، مەریوان دەشتە
(ماچ)ی گەورە کچ ، نیوەی بەهەشتە

٨ - چارۆگە چەرمی ، بەر یەخە ماوی
(ماچ) ێکم بەرێ ، بۆ چی تۆراوی

٩ - دەك چەندە خۆشە ، (ماچ)ی سەرە ڕێ
کچ بەترس‌و لەرز ، نە وەك یەکێ بێ

١٠- سێ مانگەی زستان ، خۆزیا شەو بوایە
(دەم) لە ناوی (دەم) چاو لەخەو بوایە !!

ماچو شیعری کوردی

لەلای شـاعیرە ڕەسەنەکانی خۆمان دا ، بـە خەیاڵی روون‌و ڕەوانی خـۆیان ، (ماچو دەم‌و لێـو) لەروانگەیەکی زۆر بەربڵاوو شیرینەوە سـەیری ئەکرێ ، ئەمەش چـەند نموونەیەکە :-

هەمو ئەشعاری دۆشینم ، لە وەسفی (لێو)ی شیرین بوو
دەچەسپا (لەب) بەسەر (لەب دا) ، حیکایەت بەس کی شیرین بوو .
(سالم)

ئەو (ماچ)ی شەوی دی بە منت دا ، بە دوسەد ناز
وائێستە بەکامی ئەدەبی ، تەعمی شەکەردا
(ئەدەب)

ئەو هەمو زوڵمەی ڕەقیب کردی ، لە ئاخر دڵبەرم

بڕوانە ل : ٧

فۆلکلۆری کوردی •
کردنەوەی چەندمە لبەندێکی تەندروستی

یاخوا بەدکاران بـەدی بەشتان بێ
تورەکەی سواڵی لەبن‌کەشتان بێ
× ×
بۆیە پێم خوشە گوێم لە دەنگت بێ
بەبەرزی باڵات کێلی قەبرم بێ
× ×
ماڵ لەمەریوان دڵ لە دەروێشان
مردن خۆش‌ترە لە ئاخ هەڵکێشان
× ×
بێ‌شەرت بێ‌بەقا کوا مەیلی پارت
کوانێ ئیشارەت سەربان حەسارت
× ×
دەستەسرەکەت بـۆی‌عەتری لێ‌یەت
بێ‌نێرە بۆ من سەبوریم پێی یەت
× ×
بەسەر گەردت بم نوری چاوەکەم
خۆ من بەبێ تۆ کوێرە دیدەکەم
× ×
عارەق‌و شەراب مەستی نەکردم
چاوەکانی تۆ سەر خۆشی کردم
× ×
چنارو لاولاو سەریان نەمامە
بۆتۆ ئەگریام کێ بەتەمامە
× ×
باڵاکەت بەرزە کێلی قەبرم بێ
زوڵفەکەت پەرژین شەو لەدەورم بێ
× ×
کراسەکەت کـەتان مەیدە لـە دیوار
دڵ هەر دڵێکە مەیدە بـە هەزار
× ×
تاکەی بکێشم ڕەنجی غەریبی
تاکەی دانیشم لە سای داری بی
× ×
ئەترسم بمرم داخ لە دڵم بێ
خاکی غەریبی ئاوو گڵم بێ

نەوزادخەزنەدار

مردنی نووسەرێك •

نوسینی : کیخـۆف
وەرگێڕ : دایکی سیڤەر

ئەو شەوە ، شەوێکی هات‌و خۆش بوو .. نوسەری ناودار (دیمتـری شێرفیاکۆف) لەنیوەی دوەمی هۆڵەکـەدا بەکپی دانیشتبوو .. بەیارمەتی دووربینی ئۆپێراکە بـەو پەڕی نەشئەو خۆشیەوە ، چێـژی لە زەنگەکانی (کۆرنڤیل) وەر ئەگرت ، جارنا جاریش چاوی بەسەر شانۆکەدا ئەگێڕاو خۆی لەنێو تاقگەی شادمانیەکی بەرـگوشادا ئەبینی ... ئەوەندەی پێ نەچوو ، لەپڕێکا سـەرو سیمای گۆڕاو چاوی چـوە مۆڵەق‌و تەنگە نەفەسی دایگرت .. لە دووربینی ئۆپێراکـە دوور کەوتەوەو ... ئا ... ش ... پژمی .

دیارە هـەر کەسێ مافی پژمینی هەیە ، هەرکاتێ بیەوێ بپژمێ .. جوتیارو سـەربازو پۆلیس‌و تـا بەئەندامی ئەنجومەنی وەزیرانیش ئەگا ، ئەوانیش هەر ئەپژمن .. هەمو کەسێ ئەپژمێ‌و هەمـو کەسێ حەقی پژمینی هەیە .. کەسێ کۆف هەستی بەهیچ شـەرمەزاریەك نەکردو بەشێنەیی لووتی خۆی ، بەدەسەسرەکەی سڕیەوە .. لەپاشا ئاوڕێکی دەوروپشتی خۆیدا ، تابزانێ ، ئایا پژمینەکەی دڵی کەسی نە ڕەنجاندوەو کەسی لێ زویر نەبوە .. کەچی لە نەکاوا ، چاوی بە پیاوە پیرە کەفتە کارەکەی بەردەمی خـۆی کەوت ، کە بەدەم بڵمە بڵمێکەوە لاملی خـۆی ئەسڕیەوە .. شێرفیاکۆف ، بەتەواوی پەژارە دایگرت بەتایبەتی کەزانی ئـەم پیاوە پیرە ، بەڕێوەبـەری گشتی وەزارەتی ڕێگاو بانە .. شێرفیاکۆف کەوتە دەریـای لێکدانەوەیەکی قووڵ .. لـە بەردەمی خۆیەوە گـوتی : بێگومان من پژمیمە بان سەرو گوێلاکی ئەم پیاوە .. ڕاستە ئەو سەرۆکی من نیە ، بەڵام ئەم کارە ناهەموارەم پەشـیمانی‌و ڕوزەردیەکی زۆری تێدایە ... بێگومان ئەبێ داوای چاو پۆشینی لێ بکەم .. نەختێ تەکانی دا بەخۆی‌و لێی چـوە پێشەوەو خـۆی بەسەریا چەماندەوەو چرپاندیە گوێچکەی :

— قوربان داوای لێ بوردنت لێ ئەکەم ، ڕاستە من پژمیم بەڵام خوا ئەزانێ ، لەم پژمینەدا هیچ مەبەستێکم نەبوە !

— قەی ناکا .. دەی

— قوربان تکای لێ بووردنت لێ ئەکەم ، چونکە من هیـچ مەبەستێکم لەم پژمینەدا نەبوە !

— دەبەسە بەس ، بێ دەنگ بەو وازبێنە ، باگوێ بگرین ..

شێرفیاکۆف ، بەهێمنیەکەوە ، زەردەخەنەیەکی بۆ کردو حەوڵی ئەوەی‌دا کە بیروهۆشی بداتە سەر شانۆکەو چاوی لـە ئەکتەرەکان بێت .. بـەلام دەرکی بەوە نەدەکرد ، کـە پەشیمانی سەری تێ ژەنی بوو . لە (پریز هالۆف) نزیـك بوەوە ، بـە ئەسپایی‌یەکەوە گوتی :

— لێم ببورە ، خـۆت ئەزانی ، من مەبەستم نەبوو !

— پەکو .. ڕاستە ، لەیادم چوو ، بڕوات وایە لەسەر ئەم حالە هەروا بڕۆین .. ئەمیش وەلامی بەڕێوەبەری گشـتی‌ی بوو ، کەلچـی لەحەیبەتا ئەلەرزی .

بەڵام شێرفیاکۆف ، چـاوی بڕیبوە عاستی بەڕێز بەڕێوەبەرەوە ، بـە دڵێکی پەرۆش‌و سکالاوە ، ئەیگوت : ئەو لەیادی چوو ، بەڵام من نامەوێ سەیری بکەم ، هەوڵی ئەوەی نەئەدا کە قسەم لەگەڵ بکات ، ئەبێ بۆی روون کەمەوە کـە من هیـچ مەبەستێکی خراپم لەگەڵیـا نەبوە ، ئەبێ وا نەزانێ مـن مەبەستم ئەوە بوە لەبان سەری ئەوا بپژمم !! تا ئێستا بڕوای بەمە نەکردوە ، ئەبێ لەئەنجامدا هەر بڕوای پێ بکات ، کە بۆماڵ گەڕایەوە ، بەسەر هاتەکـەی خۆی بۆ خێزانەکەی خۆی باس کرد .. لەسەرتادا نیگەرانی‌و کزی‌یەك دایگرتبوو ، کـەچی

لەپاشا ، کەزانی (پریزهالۆف) سەرۆك نیـە ، زۆر دڵنیابوو ، پێی گوت :

— وای بەراستی ئەزانم ، سەرباری هەموو شتێ ، کە داوای لێ بووردنی لێ بکەیت ، گـەروا نەکەیت ئەوا ، وا تێ ئەگا کـە تۆرەوشتێکی باشت نیـە .. لەوەلاما گوتی :

— ڕاسـتە هەولێکی زۆرم لەگەڵی‌دا بۆ لێ بوردن ، بەڵام زۆر سەیر بوو کە هیچ وشەیەك لەزاری دەرنەچـوەدەر .. سەرباری ئەمەش هیچ ماوەیەکی درێژی ئەوتۆی نەبوو ، بـۆ قسە کردن .

دوەم ڕۆژ بوو کە شێرفیاکۆف جلی ڕەسمی تازەی خۆی لەبەر کردو قژی بڕی ورێکـی خست ، بۆ ئەوەی ئامادە بێت کـە لەپریز هالۆف داوای لێ بوردن بکات ..! ژوری تایبەتی بەڕێوەبەر پڕبوو لـە خەڵقی کاربەدەست‌و خاوەن ئیش .. بەڕێوەبەر خوێشی کاروبارەکەی ئەسوڕان ، لەدوایی‌دا ، چـاوی بڕیە شێرفیاکۆف :

— دوێنێ شەو لە (ئارکادیا)دا .. گەورەم گەر لەیادتە .. من پژمیم ، واروی‌دا .. من .. داوای ..

بڕوانە ل : ٧

پێشانگای هونەری لە شاری هەولێر دا .

کاکە زیاد لادیی

ئەوی ڕاست بـێ ، لـەم سەردەمەماندا ڕۆشنبیری بـە تایبەتی لەشارە دێرینەکـەی هەولێردا خەریکە پەل‌وپـۆی گەشەسـەندن‌و ئەشـن‌و نووماکردنێکی تازە بهاوێژێت ، کـە نیشانەی بەرەوپێـش‌وە تەکان‌دانێکی بەجەرگانەی تیادا دەردەکەوێت ، ئەوەی کە هیوای دووارۆژێکی قەشەنگی تیـادا بەدی دەکرێت ، ئەوەیە کـە هونەری کوردی خەریـکە لەسەرەڕێی هونەرێکـی پێشکەوتنخوازانەوە هەنگاوی بەرەو پێشەوە چوون دەهـاوێژێت ، ئەمەش بـە گوێرەی ئەوەوە کـە هونەرمەندانی کوردیش حەز بەوە دەکەن کـە جۆرە لاسایی‌کردنەوەیـەکی وا بەخۆیانەوە ببنن کە لەگـەڵ قۆناغی ئەم سەردەمەی هونەردا وەستان‌و گیرخواردن لـە هونەرەکەیاندا نەبینـن ، بێ‌گومان ئەم نوێ‌بوونەوە نـەك تەنها هەر ئەوە دەگەیەنێ کـە هونەری کوردیش خاوەن پەیام‌و بیروڕایەکی پێشکەوتنخـوازانەیە ، بەڵکو نیشانەی هەوڵ‌و تەقەلادانێکی بە جەرگانەیە بـۆ دەربازبوون لـە وەستان‌و لاسایی‌کردنەوەی کـۆن ، کوردیش خاوەن هونەرمەنـدی چاوهەڵاتووە ، ئەم پێشـانگا سەرکەوتووەی کە لـەم ڕۆژانەش‌دا لەشاری هەولێردا نیشان‌درا نمونەی ڕاستەقینەی هەموو ئەم قسانەن ..

تاقمێك لە لاوە هونەرمەنـدە هەڵکەوتوەکانی ئەم شـارەو لەژێر ڕابەری (تیپی هونـەری نوێی کوردی) دا جوانترین‌و سەرکەوتوترین پێشانگایان بە تابلۆ ڕەنگینەکانیان ڕازاندەوە ، ئـەم هونەرمەندانەش بریتی بوون لـە (أحمد محمد صالح) (اسکندر عثمان) (نجم‌الدین

پشدەری) (سلیمان شـاکر عارف) (شیرزاد سـلیمان) (عبدالخالق عبدالقادر خفاف) (فیصل عثمان) (صباح کۆیی) (فوءاد علی) (قرنی جمیل) (هاشم بلالی) (آزاد کمال) (دارا محمد علی) (حکمـت عبدالقادر خفاف) (کمال علی محمد) (محسن محمد امین) (نجاه واحد) .

لە کۆتاییدا هیوادارم ئـەم تیپە دەستەیێکی خوێن‌گـەرم‌و بەجۆش بهێنێتە کایەوە کـە بێ سڵەمینەوە خزمەتی هونەرەکەیان بکەن بۆ ئەوەی هەنگاوی فرەوانترو لەبارتر بێتە پێشەوە .

هەتاو •

حەیدەر نانەکەلی

کاتێ هەتاو دەچرپێتە ناخی دەروون ، هـەورەبارانی ئاوەڕووی ئارەزووەکـانم دەخزێتە گلێنەی دووچـاوی تینووم ، تینووی حەزی بەفرە- نیاز ، کە دەبێتە بووکی پەردەی گەلاوێژی ئاسمانی شـار ، تینووی باران بۆ گریانـی گوڵەگەنمی زسـتانی قات ، تینووی هەتاو بۆ سامناکـی پەلەی ڕەشی ئەژدەهای شـەو کە دەخزێتە سـەرگەردنی خەونی خەیاڵ ..

بەسەرهات .. داستانێکی پڕ لە ژان‌و فرمێسـکە ، چوارچێوەیەکی ژەنگـاوی‌و زەردەخەنەیەکی دڕۆزنانـەو ، دیمەنێکی سەربەرەو ژوور ، ڕەنگێکی خۆڵەمێشی فەرشـی باڵێ ڕاکێشاوە ، ئاسـمانێکی چاو پڕلەقین !

سـەرەتا : بە بڵێسـە ئاگرێکەوە کڵپە دەسـتێنێ ، بروسکەیەکی ژان‌گرتـووە ، خەون‌و مەرامێکی چەقیـوە ، ئەشکەنجەو زامێکی هـەڵ تونیوە .

کۆتاییەکەی : هەورەو بارانە گوڵەو ژیانە ، هەتاوەو سێبەرە ، فرمێسکەو زەردەخەنەیە ! هەتاو ئامانجەو مرۆڤایەتی گەریدەیەتی .. « شەو » کفنە چڵکنێـکی ڕەشە ، خۆڵەمێشێکە بەگڕی خەم هەڵگیرساوە بە دڵۆپـە فرمێسکێکی سوور دامرکایەوە .. شەو گیانێکی نەخۆشە ، بۆ کوڵێوەو ژیان‌و هیوا وەنـەوز دەدات ، لە خەرمانی لاگۆشەکی بەسەرهاتی نیوەشەوی کفـن

بەری هەتاوی خۆر .. دڵداری هەتاو : مرۆڤێکی ئاوارەیـەو ماندووە ، ڕێبوارێکی شارەزایە ، ئەو کاروانی قۆناغێـکی بێ‌سنوورە ، سوارچاکێکی چاو نەترسە ، برسیـەو تینووە ، ئەو سنووری ئەو دەبیـرێ ، ئاگرە .. خوێنە .. مەرگـەو ژیانە ، مان‌و نەمانە ، شـەو شەیدای مانگەو ڕۆژ ئاشـقی خـۆرە ، ئەو وشە بە سـنگی جوانی وەناکا ، گوڵ بەیەخەی ڕۆژگار وەناکـات ، ویژدان بەهرەیەکی خـوا پێداوەو نایفرۆشێ .. ئەو گوڵ بـەو گۆڵە بەرۆژانە ناگۆڕێتەوە کـە

بروانە ل -٧-

که ناوی بێخود ئەهێنـین یەکسەر بێ سێ‌و دوو لێ‌کردن ئەو زانا بەرزەو ئەو مـەلاشارەزاو ئەو شـاعیرە بەهرەمەندو خامە ڕەنگینەمـان دێتەوە یاد کە تا دواهەناسەی ژیانی دلێرانەدژی کۆنەپەرستی‌و کۆیلایەتی‌و خوو ڕەوشتی کۆنی بەساڵاچوو وەستا .. جگـەلەوەی بەهیچ جۆرێك درێغـی نەئەکرد هەوڵدان لەپێنـاوی پێشخستنی ڕەورەوەی زانستی‌و زانیاری‌و بوژاندنـەوەی کەلەپوری نەتەوایەتیمـان‌و خزمەت کردنی ئەدەب‌و زمانـی کوردی .. لەگەڵ ئەوەشـدا گیانی نیشتمانی‌و کۆمەڵایەتی لابەهێز بوو .. لایـەنی زۆر لێ‌کراوان‌و بەش خـوراوانی ئەگرت‌و فەرامۆشی نیشتمانەکەی لە خواست‌و مەرامی گـەڵ ئەکرد .

(بێخود)ی نەمر دۆستایەـتیەکی گیانی بەگیانی هەبـو لەگەڵ شاعیران صافی هیرانی‌دزیوەرو خادم‌و مێژونوسی بەناو بانگ ڕەفیق حیلمی‌و شـێخ‌محمودی حەفید زادە هەبوو هەر وەکو لـە شیعرەکانی دا دەرئەکەوێت .. ماوۆستای نـەمر (لەپاڵ زمانی کوردی)یـەوەشارەزاییەکی باشیشی لە زمانی عەرەبی‌و فارسـی‌و تورکی داهەبوە ..

لە بیرەوەری ١٩ ساڵەی کۆچی دوایی بێخودی شاعیردا

جلال مولود سنجاوی

ئەمەش نموونـەیەکە لەشیعری بێخود :-

لەو ڕۆژەوە ڕۆیشـتووەتۆراوە دڵی من ..
هەر چەند ئەگەڕێم بێ سەروشوێن ماوە دڵی من
ئاخۆ بەچ شاخێکـەوەگیرساوە دڵی من
یاخۆ بەچ داخێکەوە سوتاوەدڵی من

ئەو هەمدەمی غەمخوارو نەدیمی منە یاڕەب
ئەو مەحرەمی ئەسرارو قـەدیمی منە یاڕەب
ئەو گەوهەری شەهوارو یـەتیمی منە یاڕەب
کەوتۆتە چ بەحرێـکەوە ، خنکاوە دڵی من

مەجنونی دوو گێسوی چ لـەیلایە کە ئاخۆ
یا واقیعی جادوویی چ عەزرایەکە ئاخۆ
کام چیهرە پەری دیوە کـەترساوە دڵی من

ئەتلێتەوە گاهێ بەخـەیاڵی‌خەط‌و خاڵی
ئەخولێتەوە گاهێ بەچـرای‌شەوقی جەماڵی
نازانی ئەگەر چۆنە بەدەس‌دەردەوە حاڵی
وەك پووش‌و بەلاشێکە بەدەم‌باوە دڵی من

(بێخود) ناوی (محمود)ەوکوری مفتی حاجی مەلا ئەمینی کوڕی مفتی گەورە حاجی مـەلائەحمـەدی چاومـارە .. لـە ساڵی (١٢٩٦)ی کۆچـی داهاتۆتە دنیاوە .. هـەر لـە مندالیەوە سەودای خوێنـدن‌بوەو لای زانا بەناوبانگەکانی ئەو سـەردەمەی سلیمانی‌خوێندویەتی لە سالـی ٩٠٠ی زایینی بوە بە حاکمی هەڵەبجەدوایی تا مردنی بوە بە مفتـی سلێمانی وە لـە ڕۆژی یـەکشەممەی ڕێکەوتی ٢٥-٨-٩٥٥ دڵی ئەم شاعیرە بەرزەو ئـەمزانا گەورەیە لە لێدان کەوت بەڵام شیعرەکانی لەسـەرزاور لە ناوی لە دڵی شـیعر دۆستاندا هەرمایەوەو ئـەش‌مێنێ ..

✧✲✧

institut kurde de paris



میژووی ماد

– ٢١ –

(أ٠م٠ دیاکونوف نوســیوێتی برهان قانع لەفارسەیەو کردویە بەکوردی)

هەروەها دوو زمان ئەگەر زۆر لە یەکترەوە نزیك بن وە زۆر وشەیان لەیەك بچێت و بچێتەوە سەر یەك ، وە ناکوکی جۆری دەربڕینی وشەکانیان لە هەرکاتێکدا بە شێوەیەکی تایبەتی دوبارە ببیتەوە و ئەوە نیشـان بدات کە یەك جۆر بەکار هێنانی دەنگیان تیایە ئەمە ئەبێتــە هۆی ئەوە کە لە یەکتری ئەچن ٠ لەم کاتەدا ئەتوانین هێلێك بە نێوان جیاوازیەکانیانا بهێنین ، وە یاخـــود ئەتوانین بڵێین کە ئەم وشانە لە فلان زمانە یان لە فلان بنەماڵەیە وە یان پەیوەندی بە فلان ڕێچکەی زمانەوەیە ٠

بەلام ئەبێ لەم کاتەدا بە پێی بڕیاری ئوسلوبێکی دیاریکراو بجولێینەوە ٠ بۆ نمونە نابێت بۆ هەموو ناوێك پەنا بەرینە بەر نووسراوەی هۆزەکان ٠ ئەم هەڵـــەیە زوربەی میژوونووسەکان لە بارەی دوزینەوەی دارشتنی نژادی دانیشتوانی ناوچەکانەوە بەسەریا تێ ئەپەڕن ٠ بەلام کەرتو لێکدانو لێکوڵینەوەی ناوی شوێنەکان لەو شوێنانەی کە مەرجی زمانو میژووی بە تەواوی روناکە (هەروەکو لە روی سەنەدو نژاد شوناسی هاوچەرخ)ەوە دەرئەکەوێ کە نووسراوەی هۆزەکان لـــە بارەی ناوی شوێنەکانەوە زۆر بە ریکەوت دەر ئەکەوێ ٠ (ئەلبەتە لە کاتێکدا کە ناوی کیشوەرو ناوچـــە فراوانەکان بەکار نەهێنین) ٠ وە ئەوانە تەنیا لە پێگەیشتنی زەوی و لەیەك چوونی نژادەکان بۆ نمونە ئەلێین لەوە ئەچێ فلان ناوچە ناوچەی (روس) یان (ئەرمەنی) بێت ، بەلام ئەمە تـا ڕادەیەك شت دەر ئەخات واتا شوێنەکانی تری دراوسێی شوینی روس یان ئەرمەنی نین ٠ لە ئەنجامدا خەڵکی رەسەنی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە لە نژادی ئەو ناوچەیە نیە کە بە ناویەوە ناو نراوە ٠

ئەبێت لە بارەی ناوی شوێنەکانەوە ناوێك کە خۆی بە خەڵکی ئەو ناوچەیە ئەزانێت و لە ناوی یەکێك لــە دراوسێکانی جیا بکرێتەوە کە خۆیان بەو ناوەوە نـــاو ناوە ٠ ناوێك کە دراوسێکان ئەیدەن رەنگە بێ بە بێ رقەبەرایەتی رقو لۆمەو گاڵتەی تێکەڵ بێت ، زوربــەی ئەم نووسراوانە هۆزو تیرە جۆر بەجۆرەکان ئەگرێتەوەو هەموویان لە ڕوی ئاینیو یاساوە وەکو یەك سەیر ئەکات (هەروەکو لە زمانی روسی کۆندا وشەی – تاتار – بە هەموو مسڵمانێك ئەوترا) ٠ لە ئاوستادا زوربەی وشەی (ئاریا) لە بارەی (تەنیا زەردەشـــتی) بەکار هاتووە نەك پیاوێك کە زمانی ئیرانی بزانیت) ٠ وە یان لـــە کاتیکدا ئەبێ کە زمانەکەیان نەزانرابێت ٠ وەکـــو (نمتس = بێگانە)(١) ولوخ بــــە زمانی لهستانی واتا (ئیتالیایی) والاخ لە بالکان بە (رومانی) ئەڵێن ٠ ولشمان بە ئینگلیزی بـــە (سلتی) ئەڵێن ٠ جاری واش هەیە ناوێك کـــە خەڵکی ناوچەیەك بەکاری ئەهێنن لە بنەماڵەیەکەوە هاتووە نــەك لە هۆزێکەوە ٠ وەکو ئەسلوونو ئیلمنو ئسـلواكو ئسلوونیسەکان. چەند هــــۆزو تیرەیەکی جۆربەجۆری ئەسلاون نەوەك یەك تیرە ٠

صربەکانی لوژتیسك لە بارەی زمانو پەیدا بوونـی نژادەوە بە رەگەزی چكو لهستانیەکان نزیکترن تاکو بە صربەکانی بالکان ٠

نووسراوە نژادیەکان لەوانەیە بە درێژی رۆژگار بگۆڕێ ٠ بە شێوەی گشتی لە بارەی دارشتنی پێك هاتنی نژادەوە وە بە تایبەتی دروست بوونی خێڵەکانی خەڵکی یەك شوێن ئەبێ هەموو ئەمپلەیانە بــەر چاو بگیـری ٠ دیسان ئەبێ ئەوەش بزانین کە گۆڕینی زمان بـــە زۆری مانای گۆڕینو دروست بوونی سروشتی خەڵکی یـــەك شوێنو نەریتو فەرهەنگو٠٠٠ ئەوان نیە ٠ چونـــکە بەرێکەوت لە میژوودا بینراوە ئەوانەی کە زیادە رەویان کردوە توانێبیتیان هەمو ئەندامانی هۆزێکیان لەنـــاو بردبێـت ٠

بۆ دیاری کردنی دروست بوونی نژاد لەســـەر زەمیندا لە هەر بارەیەکەوە وە بە تایبەتی ناوی تایبەتی خەڵك ئەهمیەتی لە نووسراوەی شوێنەکان دا زۆر ترە ٠ نووسراوەی شوێنەکان زوربەیان لـــە زمانی پیشوونانو خەڵکی ئەو شوێنەوە ماوەتەوە – بە تایبەتی ئەگـــەر گۆڕینی زمان – هەروەکو زۆر روو ئەدات – ئەگەر لـــە رێگای دەرکردنو ڕاودوونانی خەڵکەوە نەهاتبێ وە بەرە بەرە لە رێگای قوناغی پەیدابوونی دو شـــێوەی زمانەوە پەیدابووبێ ، وە پیچەوانەی ناوی تایبەتی خەڵك – هەر وەکو لە سەردەمی کۆندا بووەو رویداوە – وە مانای خۆی پاراستبێ ئەوانە زوربەیان ئەوە ئەسەلمێنن کە مرۆڤ بەو زمانە قسەیان کردوە کـــــە نووسراوەکانی پێ نووسراوەتەوە ٠

بەلام ئاینە خاوەن یاساکان زوربەیـان نووسراوەکانی خۆیان لەناو چوارچێوەی شەریعەتی خـــۆیانا ئەنووسنەوە ، بۆ نمونە نووسراوە ئیرانیەکان وەکـــو (ئارتاشسن) و (ئەهرام) و (نرسسن) و ئەوانی تر شان بەشانی زەردەشتیەکان لە ئەرمەنستانا بایـــەخو رەواجی بووە ، وە مەســـیحیەکانیش نووسراوەکانی عیبریو لاتینیو یۆنانیان وەکو (سوگومون) ، (یـ) (ئەوانس) و (پطروس) و (گورك) هینی تریـــان هیناوە بۆ ئەو ناوە ٠ هەمو ئەزانین کە نرخی نووسراوە عەرەبیەکان لە کیشـــوەرە مسلمانەکانا بەهۆی بـــلاو بوونەوەی زمانی عەرەبیەوە نەهاتووە بەڵکو بەهۆی ئاینی ئیسلامەوە بۆ ئەو سەرزەمینانە هاتووە ٠

بڕوانە ل –٧–

چاوپێکەوتنێك لەگەڵ عەلی باپیر ئاغای شاعیردا

شاکیر :- بۆچی وا زوو ئەمرێنن!

ساجد ئاوارە ئامادەی کردوە

ماوەیەك لەمەو بەر هەواڵێکی خەمناك و دڵ تەزێنمان پێ گەیشت کە گوایـــە شاعیری روخۆشو خۆشەویستی کـــورد ماموستا عەلی باپیر ئاغا (خوا نەخواستە !) کۆچی دوایی کردوە بەلام سوپاس بـــۆ یەزدان هەواڵەکە راست نەبوو ٠٠ ئینجا کاك ساجد ئاوارەش ئـەم چاو پێکەوتنو دەمەتەقێیەی لەگەڵ مامۆستا باپیـــــر ئاغادا کردوەو بۆی ناردوین وا ئیمـــەش بە سوپاسەوە بلاوی ئەکەینەوە :

– هاوکاری –

ژمارە ٢٢٧ی هاوکاری دەرچوو هـــەواڵی مردنی (مامۆستا عەلی باپیر ئاغای) نووسیبو ٠٠ پاش ئەوەی زانیم هەواڵەکە راست نیە رۆژی ١-٨-١٩٧٤ لەگـــەڵ وێنە گرێك دا چوین بۆ دیدەنی شاعیری ناوبراو ٠٠ کام شاعیر کۆگایەك زێڕو ئەدەب لە قەوارەی پیرێکی کەنەفتی چەماوەی مشتێ چڵو چێودا ، کەوتمە پرسیار لێ کردنی :

ساجد ئاوارە   عەلی باپیر ئاغا

— **رات چیە بەرامبەربلاو کردنـــەوەی هەواڵی مردنت :-**

● ئەزانم تۆش لەسەرت نووسیوم ، حەز ئەکـــەم نووسینەکەت بلاو بکرێتەوە تاکو بـە زیندوویی بزانم بۆ مردنم چی ئەنوسرێ ٠٠ وابزانم دومانگ ئەبێ ئیستگەیەکی کوردی شیعرێکی خوێندمەوەو وتی هینی خوا لێ خۆشبو (عەلی باپیر ئاغا)یە ٠٠ ئەبێ بەم جۆرە زانرابێ کە من مردووم ٠٠ بۆچی وا زوو ئەم مرێنن ؟ شاعیرێکی فارس وتویە :

پیرمو شرمم نمی آیدزأفسونی أمل
نکتەدانی معنیم ربنی سخن می پروردم

واتا (من پیرمو شەرمیش ناکەم لە ئەفســونی مانەوەم ، نوکتەزانیقسەکانم ،قسەی جوان رێك ئەخەم) جا رەوایە من وا زوو بمرم ٠٠؟

— **مامە بەرێکی تەمەنت چەند ساڵە ٠**

● ساڵی ١٨٨٥ زاینی لە دایك بووم ٠

— **کەواتە چەند مانگێکی تر تەمەنت ئەبێ بە (٩٠) ساڵ ، بۆچی دوا شاعیری کلاسیکی کوردت پێ ئەڵێن ٠**

● بە تەبیعەت کورد زوربەی بووە بە شاعیر ، لەبەر ئەوەیە زنجیرەی کلاسیکی بە نەمانی منو یەکێکی تریش نا پچڕێو هەرئەمێنێ ، من زۆر منداڵ بوم بێ باوكو برابوم ، خاڵم نەبو ، مامەکانم عەشرەتی بون ، زۆر بێکەس بوم بە تەقەڵلای خۆم فێـــری زمانی تورکیو عەرەبیو فارسیو شێوەی کوردی هەورامی بوم ٠

— **شێوەی هەورامی زمانێکی تایبەتی نیە بەڵکـــو شێوەیەکی زمانی کوردیە :**

— پێویستە شاعیری کورد شێوەی هەورامی بزانێ ، چونکە ئەگەر شـــاعیری کورد بەچاکی فارسیو عەرەبیو کوردی شێوەی هەورامی نەزانێ ناتوانم بڵێم شاعیر نیە بەلام لە هەندێك شـــتا ناشارەزا ئەبێ ٠٠

— **بلاو کراوەکانت چەندن ٠**

● نزیکەی (١٢) کتێبم داناوە

— **دوا دیوانەکەت بۆ چاپ نەکرد ٠**

● پارەم نیە ، راشم لەسەر چاپکردنی نیە !

(لە دوای لێدوان بڕیارمان دا کە دیوانەکەی بەم زووانە چاپ بکرێ وە هەر لە هەمان دانیشـــتنا دڵسۆزێك ئەرکی چاپکردنی دیوانەکەی گرتـــە ئەستۆی خۆی) ٠

— **چی ترت بە دەستەوەیە ٠٠**

● ئیمساڵ هەندێك شیعری ترم دانـــاوە ئەمەوێ ئەویش بکەم بە دیوانیکی بچکۆلەو لــە هەڵێکدا چاپی بکەم ٠

— **چ شتێك لە لاوێتا کاری تێ کردوی کە تا ئیستە لە یادتا مابێت ٠٠**

● لە پێدەشتی ئاواییەك سەکۆیان دروســـت کردبو دیواریشیان لە پشتەوە بۆ کردبو ، فەرشیان لـە سەر دائەخستو لەسەری دائەنیشتن ، بەرامبە- ریشمان گاڕانو مێگەلو ئاژەل مۆڵ مۆڵ درابون ، کچی شۆخی رازاوەی ئاوایی ئەهاتن بۆ شیردۆشین ٠٠ ئای کە ژیانێکی ساکارو خۆش بوو ، کاك ئەحمەدی

بروانە – ل ٧

سادەیی و خەندەی منداڵ!

سروشت راســـتگۆیو ژیانەوە بەسەر ئەبەن سبەینی دڵپاکی بە لادێ نشینەکـــانی بەشێك ئەبن لـە خاوەنی ئەم کوردەواری بەخشـــیوە ٠٠ نیشتمانەو سەربەستی خۆیـان خەندەی سادەو بێ ریاو دور لە لەناو ئاوێنەی ئێشو ئـازاری فریودان هەمیشـــــە لەروی دوێنێی بابو باپیرانیـــانا منداڵانی لادێ نشیندا دەرئەکەوێ ئەبیننەوە ٠ بەرگی دڕاوو ماندو بـــونو چەوسانەوەو ئێشو ئـازار نۆشین وەکو قوتابخـــانە دوا ڕۆژی نەوەی ئەمـــڕۆمان لە بنەرەتەوە رێك ئەخاتو ئـــەو منداڵە سادە دڵ پاکانــــەی ئەمڕۆ نەوەی ســـبەینێمان ئێشو ئازاری نەتەوایەتیان بە

چەندە جوانە ئەو منداڵـــەی پەروەردە بکرێنو دەسـرازەی واپەروەردە ئەکرین نایەوێ فێڵ ئاڵی یادگاری بابو باپـــیری لە خـــۆیو لە نەتـــەوەو لێهاتومان بەسەر دڵیـــانا نیشتمانەکەی بکـــات ٠٠ رابکێشـرایەو لە جیـــاتی خۆزگایە هەمو کورپەکـــانی (گورگانە شەوێ) ســرودی ئەمڕۆکە رۆژگار بە کەموکورتی بە شیری پاکـــی کـوردەواری گوێچکەدا بدرابایە ! ئاگـر

میهای ئەمینیسکو
١٨٥٠ – ١٨٨٩

شاعیری مەزنی رۆمانیـــا (میهای ئەمینیسکۆ) لـە ١٥ی کانونی دووەمی ساڵی ١٨٥٠ داله (بوتوشان) چاوی ژیانـــی هەڵێناوە ٠٠ زوربەی ژیانـــی منداڵێتی هەر لەو گونـــدەی خۆیان بەسەر بـــردوە ، لەسەرەتای فام کردنەوەیـــەوە حەزی لە خوێندنەوەی شیعروبابەتی ئەدەبی وشـــتی کۆمەلایەتی کردوە ، وەکـــو بڵێین ئـەم ئارەزووەی دەرگـای بونە شاعیری بۆ خستە سـەرپشتو توانی خۆی پێبگەیەنێو ببێتە یەکێك لە شـــاعیرەدەرکەوتوەکانی رۆمانیا ٠ زۆر کەس شیعرەکانیان لەبەر کردوشانازیشیان پێوە ئەکرد ٠

لەکاتی خوێندنیا چەنـــد شتیك بونە هۆی ئەوە ناچـار بێت کە قوتابخانـە بەجـــێ بێڵێو بگەڕێتەوە گوندەکـــەی خۆیان کە پێیان ئـــەوت (ئیبۆشت) ٠٠ پاش ماوەیەك لە دادگای (بوتوشان) بوو بە فەرمانبەر ، جارێکی تر ناچـــار بووەوە کە لە (جیرنۆتس) دەس بکاتەوە بە خوێندن ، بە هـــۆی کۆچی دوایی یەکێـــــك لە مامۆستا دڵسۆزەکانیەوە تووشی ماتەمینیو خەمناکـــــیو دڵ نیگەرانی بوو ٠

هەر بەو بۆنەیەوە لە ساڵی ١٨٦٦دا یەکەمین هـۆنراوەی بە ناوی (فرمیسك)ەوە بـــۆ کۆچی دوایی مامۆستاکـــەی داناو لە گۆڤاری ٠٠ خێزان ـدا بلاوی کردەوە ٠

لەوێوە پێی نایە یەکـەمین قۆناغی شیعرو دەستی کرد بە شیعر نوسین و بە نـــاوی (ئەمینیســـکۆ)وە بـــلاوی ئەکردەوە ، لە هەمان ســاڵدا رۆمانیاوە ، وە لەوێ توانـــی (بۆن سلافیچ)ی ئەدیبــــی مەزنی رۆمانیا بناســـێ لەساڵی ١٨٧٠ دا هۆنراوەی (فینیـــرا)ی لە گۆڤـــاری (گفتوگوی ئەدەبی)دا بـلاو کردەوە ٠

ساڵی ١٨٧٢ گەڕایەوە بـــۆ شاری (یاش) وە لە کۆبونەوە کانی (کۆمەڵەی ئـــەدەبی هونەری) بەشداری ئەکـرد ، دوا قۆناغی خوێندنی لە شاری بەرلین تەواو کرد ٠ کــــە گەڕایەوە وڵاتەکەی بوو بـــە بــەریوەبەری نامەخانەی گشتی وە لە دوای ئەوەش کرا بــە لێکۆڵەرەوەی قوتابخـــانە لە ناوچەی (یاشو فاســلۆی)٠ لەم ماوەیەدا کۆمەڵە بەرهەمێکی وەکو (کیژۆڵەی جوان ،شێت)و هەندێکی تری بلاو کـردەوە ٠

لە ساڵی ١٨٧٧ لە ســەر داخوازی (تیتۆ مایۆرمیسکو)ی وەزیر چو بۆ بوخاریســـتو لەبەر جوانـــیو پوختــــی بەرهەمەکانی لەوێ خەڵات کرا٠

سەردەمی زێرینی ئـــەم شاعیرە لە ســاڵی ١٨٨٣ وە دەستی پێ کرد ، کاتێك کـــە هۆنراوەی (ئەستێرەی گەش)ی بلاو کردەوە ئەدەبی رۆمانیــا شلەقا ٠٠ وەزیری ناوبــراو دەستەبەری چاپکردنی دیوانـە شیعرەکەی بوو ، ٠٠ زۆری پێ نەچو توشی نەخۆشی بـــوو لـە لە سەر بلاو کردنـــــەوەی نەخۆشیە وازی لێ نەهێنا تاکو ٠٠ چەند چیرۆکێکی نووسی کە لە تەمەنی ٣٩ ساڵیدا قولاپـی بەخت) بوو ، وە لە ســـاڵی جوانەمەرگەیی جیهان شیعرو بوخاریست دا ئیشی کردوە ،وە هێشت ٠

گەشتێکی بـــە ناوچـــەکانی رۆمانیادا کرد بۆ ئەوەی باشتر شارەزای نەرێتو رەوشـــتو جۆری باری ژیانی دانیشتوانی ببێت ٠

شاعیر وازی لە قوتابخـــانە هێناو لە تیپی شانۆیـی (ی ٠ میهایل) دامەزرا ، بەلام هــەر نەخۆشخانە کەوتو ئـــەم بەرهەمە ئەدەبیەکانی ئەرۆیشت بە یەکجاری لە ساڵی ١٨٨٩ دا بەناو بانگترینیان ناوی (وچانی مردنی لە جەرگی گیرکردو بـە ١٨٦٨دا لە تیپی میللـــــی ئـــەدەبو روناکـــی بەجـــێ چوە ریزی کۆمەڵەی قوتابیانی

بەهائەدین جەلال

چیرۆکی منداڵانە

کۆمەڵە مشکێك لـە دەوری خەرمانە بەهارویەکدا شـارێك دروست ئەکەنو بـەرۆژا لـــە هێلانەکانیانا ئەخـــەوونو شەوانە لەبەر تریفەی مانگـــە شەوەکەدا دێنە ســـــەر خەرمانەکەو دەس ئەکەن بـــە خواردنی گەنمی پاشـــماوەی سەر خەرمانەکەو کە تێر بـون پێکەوە دەس ئەگرنو ئەیکـەن بە شایلۆغان ٠٠ رۆژیـــك گەورەکەیان وتی ئەم نیعمەتە تێرو تەسەلەم بەدڵ نیـــــە هەرچەند ئێوە لەم سەرخەرمانە ئاهەنگ و بەزم ئەگێرن مـــن هەر بیر لە پشیلە بـــــۆر ئەکەمەوە ٠٠ باشترین وایـــە تەگبیرێك بدۆزینـــەوە ٠٠٠! ژیرو ریش چەرمووەکانیـــان کۆ بونەوە کە بە هەمویـــان زەنگۆڵەیەك بکرنو بیبەستنە مل پشیـــــلە بۆربۆ ئەوەی هەرکاتێك هات هەر لە دورەوە گوێیان لە دەنگی زەنگۆڵەکە بێتو خۆیان بشـــارنەوە ٠ هەرچۆن بێ هەریەکـــەیان قەرانێکی هەبو هێنایو خۆی نایە ساجی عەلیو پارەیان کـۆ کردەوەو زەنگوڵەکەیان کڕی ئینجا بەلای زەنگۆڵەکەوە دۆش دامان کە کێ ئەم زەنگوڵەیـــە بکاتە مل پشـــیلە بور ٠٠ رێبوارێك بە لایانا تیپـــەڕیو وتی :

ئەیوا بەر لە کڕینـــی زەنگۆڵەکە بیرتان لەمـــــە بکردابایەتەوە ٠

پۆستەی خوێنەران!

دۆستو برادەرانی گۆشە نەمان زانی لەو نوســراوەتمەبەستت چیە ؟ ئەوا هەندێکی رەنگینەکەی (پۆســـتەی وەکو دەقی خۆی بـــلاوئەکەینەوە بۆ ئەوەی گلەییمان خوێنەران) سلاوتان لێ بێ ٠٠ لێ نەکەی بڵێی (خــــوانەخواستە !) لە نووسینەکەم ئێوە چەندە تامەزرۆی ئـەوەن تێ ناگەن !!

کە لەگەڵ دەرچوونی رۆژنامەی (هاوکاری)دا دەموودەس ناوە (کە تۆ لەســـەر چڵـــیدارەکانی بەردەمم هاتـــی پڕ لە ڕێزەکەتان لە گۆشـــە چاوەکانت جەنجالی تیشـــکیخۆر بوو ، مچەکت بـە درزی خۆشەویستەکەتانا بەدی بکەن، تیشکی خۆر سواخ درابـوو ،کاتێك کە شـەوو رۆژ لێـــك ئیمەش ئەوەندە تامـــەزرۆی کوێر ئەبن ٠٠) ئاوا بەم جۆرەتاقە برا کەم ئەگەر بڵێین ئـەم ناردنی دەستەچیلکـەو دیاری نووسینەی جەنابت ئـــەدەبیتازەیە ئەوەش بزانە ئەگـەر ئێوەین ٠٠ بێگومان ئەگـــەر ئەدەبی تـــازە هـــەر لەمسەرگەردانیە تورەدا بمێنێتەوە پەیوەندی گەرمو هاوکـــاری پاش سەد ساڵی تریش هێشتارێبوارەکانی ئەدەب رێیـــان ئێوەی بەرێزو بەرهەمی شیرینی ناکەوێتە مەیدانی ئـــــەمنووسینەی جەنابت ٠٠ تکـایە پینووسە رەنگینەکانی ئێـــوە لەمەودوا بە جۆرێك بۆمـــانبنوسە لێی تێ بگەین نەوەکو نەبێ ئەوا گۆشەکەمان بـــێ (دوربا) خراپ بێ ٠ نار ئەبێو رەنـــگی پەژارەیی لەروو ئەنیشێ ٠٠ خوا ئاگای لێیە هەر کە نامەیەکی ئێوەی دۆستی هەمیشەییمان پـــێ ئەگات ئاگری دەرونی گۆشـە- کەتان گەش ئەبێتەوە ٠٠ ســا خوا ئێوەی بەرێز لەم گۆشــە دڵسۆزەتان نەسێنێ ٠

با وەڵامی هەندێـك لـــە دۆستەکانمان بدەینـەوە :

★ **کاك ئەبوبەکر خۆشناو لە هەولێر :**

ئەو پارچە نووسینەی کـە لە ٢٧-٤-٧٤دا بۆت ناردبوین ئەوا ئەمڕۆ پێمان گەیشـت ٠٠

★ **کاك عەتا زانا بەرزنجەیی لە گەڕەکی کارگەی جگـــەرەی سلیمانی :**

قوربان نوســراوەکانت هەموی شیعر بون ٠٠ ئەگـــەر بت زانیبایە کورد چەنــــدە پێویستی بە نووسین زیاتـرە تاکو شیعر وابزانم جـــارێوازت لە شیعر ئەهێنـــا ٠٠ شیعرەکەشت کلاسیکیانەیە ٠ئینجا وەرە شیعر بێو کلاسیکی بێو بەو جۆرەش ! خوانـــەخواستە ناڵێم خراپە بـــەلام ئەگەر نوسینو باسو کورتـــەچیرۆكو نوکتەو شتی هەمـــە جۆرەی ترمان بۆ بنێری ئێمەش سوپاست ئەکەین ٠

★ **کاك دلشاد عەبدولـلاکۆیی :**

ئەگەر وەکو نوســـیوتەوا بکەی باشەو ئەمەش ببێتـــە نمونەی چاولێکەری بۆ هەمـو منداڵێکی کورد :

بەیانیان زوو هەڵئەسـم
ئەیشۆم چاوو دەستم
کتێبەکەم هەڵ ئەگرم

بروانە ل : ٧

institut kurde de paris

پاشماوەی ماچو کوردو

مالی ئاوابێ ، بە (ماچ)ی لێو ی ، تۆڵەی کردەوە

« لەوەختی تەموین گوتراوە »
« شاعیرێکی نەناسراو »

(حاجی قادر)

کەمەندی وزلفی چین چینت نیازێ
لە ماچینێ عاشقان دێنی
کە ئێمە تالیبی (ماچ)ین ، کازێ
نەچین ماچینی ئێرانە

(مەنفی)

خواستی لێی (ماچ) ێ (رە سەر زا) کافرە نەیداو گوتی :
ئەی خوا لەم کورە شێخ زادە یە ، چەند بێ ئەدەبە

(شێخ رەزای تالەبانی)

بۆ (ماچ)ی دەمو کولمە ، لە نێو پەرچەمی خاوی
لەو زولمەتە بۆ ئاوی بەقا ، نوری چرامە

(وەفایی)

(لێوی) لەعلی جنێوی داوە بەمن
قینی بنیـــادەمە ، منیش ، گەســـتم

(مەلا عیسامەدینی بۆکانی)

داوەتێکی ڕەشبەلەك بکرن ، لە دەوری گۆڕەکەم
یەکتری (ماچ) کەن بە یادم دڵبەرو دڵداری کورد

(هەژاری موکریانی)

ئەگەر من خۆشەویستت بووم ، بەیادی من هەمو جارێ
بچۆلای دڵبەرم (ماچ) کە ، لە جێی من ئەو دەم و خاڵە

(ئەخۆڵ)

دەستم لەقەدی وەراند ، کە هەستم
دومەمکی هەناری ، کەوتـــە دەستم
ڕۆژباشم ئەکرد ، لە کوڵمو لێوی
ئالقاوی (دەمم) بوو ، گور لـ جێ گەستم
سورماوە سەرم ، لە بەختی سوێرم
من بەم دەم و دەستە ، گە یمە قەستم

(عیتری بۆکانی)

بەیانی (ماچ)ی لێوم کرد ، و وتی : ڕۆژیت شکا جاهید
ووتم : تۆمانگی دەرکـــەوتی لە بۆ من جەژنە ئێستاکە

(جاهیدی هەولێری)

ئارەزومە هیچ نەبێ ، جارێکی زارت (ماچ) بکەم
ئارەزوی من چوو کە ، ئەمما تا بفەرمووی شیرنە

(هێمنی مهابادی)

(لەب) شەکەر ، من تەسکەرە ئێی دا م ڕۆژی ئەزەل وەرگرتوە
بۆچی ئەمرۆکە (بیتاقە)م نادە شت ناچن یێ ، چیم کردوە

« شاعیرێکی نەناسراو »

لـــەو توانج ، لە مـــن
بۆ (ماچ)ێ ، نەقورچێ ، ...

(گۆرانی قادر)

مەگەر دنیا ، ئەهات تـــا
بە (ماچ) ، هی ڕومەت ، دەمی تەڕ

(کامەران)

دڵدارەکان
دڵدارانی چرای زامی ، نـــاو چیرۆکە کوژراوەکان
دڵدارانی (ماچی) تینووی، ناو شەپۆلە خنکاوەکان

(شێرکۆ)

خۆشەویستم ، بمشۆرەوە ، بەنسکەو سۆز
گڕی (ماچ)م ، بۆ بکەرە ، یەکەم نەورۆز
ڕاوەشێنە تو پۆپی داری برین ...

(هەڵمەت)

زووکە ، وەرە ، شـــــیرینەکەم
شەرمم فێرکە
(ماچ) ت ، فێرکەم ..!

(سەلام محمد)

کەلەدەرگای سنوورم دا
لە باتی (ماچ)
ماچی گەرمی دەسگیرانم
تفی زەردی پۆستاڵ ڕەشێك هات ، سواخی دا ناوچەوانم

(پەشێو)

خەندەی منالی ڕوومەت ئاڵ
لە ڕوومان بات ، وەکو شمشا
بە (ساقە) بۆ دوانی بێ
(شیر) دەرمانی گریـــانی بێ
دەم بۆجێ دەمی یەك ببەین
یەك لـــە سەریەك (ماچ)ی بکەین
من ئەملایەو تۆش ئـــەو لایەی
من ڕاژاندن ، تۆش لایـــلا بەی

(شار باژێڕی)

بزەی لێوی تەڕ ، بە دڵ (ما چ) کردن
لەرەی مەمکی تورت ، بەدەست ڕاگرتن
شمشاڵی بە سۆز ، دڵداری بیدەن بەبەهەشت ، بۆ بەهەشت ناچن

(پەژار)

پاشماوەی مێژووی ماد

لە لایەکی ترەوە ئەو نووسراوانەی کە لەگـــەل ئامۆژگاری‌و یاســـای ئەو ئاینانەی کە خاوەنی یاسـاو شەریعەت بوون نەهاتوون بۆ ئەو سەرزەمینانە بەڵکو لەسەر بناغەی ئاینی کـــۆن‌و ڕوژگاری کۆمەڵایەتی سەرەتاییەوە هاتووە ئەوانە ئەوە ئەسەلمێنن کە خەلکی ئەو سەرزەمینە ئەو زمانەیان زانیوە کە ئەو نووسراوانەی پێ نووسراوەتەوەو وەکو ناوی (میتردات) ئەگەر چـــی ئەم ناوە ئیرانیە ئەمە ئەگەیەنێ ئەو کەسانەی کە ئـــەم ناوەیان لێ نراوە پەیوەندی یان بە یاساو ئاینی زەردەشتەوە هەیە . بەلام ناوی (کۆتر ـ نان خونتـــــە) (عیلامی ـ خدا ـ نان خونتە ـ سولتان) کـــە ناوێکی عیلامیە ئەمە ئەوە ئەسەلمێنێ ئەو کەسەی ئەم ناوەی نراوە بە زمانی عیـــلامی دواوە وە ناوی (ئاری ـ ترنـــا) (هوریتی ـ خدا ـ داد برادەر) ئەوە ئەگەیەنێ کـــە خاوەنی ئەم ناوە زمانی هوریی بووە .

بە بەکارهێنانی ئوسلوبێکی وردو زانستیانە لـــە بارەی لێکدان‌و لێکولینـــەوەو بەراورد کردنی بەڵگەی زمانەوە کە ـ بە تەواوی یان لەوە ئەچێ لـــە ماوەی رۆژگاری سەدەکانی نێوان سەدەی نۆیەم تـــا چوارەمی پێش زاینیدا لە خاکی ماد ریشەیان داکوتابێ ـ ئەتوانین چەند زمانی بدۆزینەوەو شی‌یان بکەینەوە کە بەو هۆیەوە ناوی ماد رون ئەکرێتەوە .

ـ ماوێتی ـ

(١) نمتس بە زمانی روسی لە ڕیشەی (نموی) یەوە هاتوە کە بە مانا (گنگ) ئەگرێتەوە ، کە سێ کە لە زمانی نەگەی .. ئێستە بە تایبەتی بـــە ئەلمانیەکان ئەلێن نمتس .

وەرگێڕ

پاشماوەی مردنی نوسەرێك

بەڕێوەبەر وەڵامی دایەوە :
ـ ئای کە قۆڕەو بەس .. باشە چیت بۆ بکەم ؟

دەم چاوی شێرفیاکۆف زەرد هەڵگەراو لەهەستی خـــۆی‌دا گوتی :

ـ بەخوانایەوێ گـــوێم لێ ڕاگرێ .. وا دیارە زۆر تورەو تونـــدە .. نابێ کارەساتەکە ئاوا بەردەم .. ئەبێ بۆی رون کەمەوە . لەپاشا بەرێوەبـــەر هەڵساو چوە جێی تایبـــەتی خـــۆی .. بەڵام شێرفیاکۆف بەدوایا رۆیشت‌و هەر لەبـــەر خۆیەوە ورتەورتی بوو .. ئینجا پێ گوت :

ـ ئەوەی منـــــی هاند ، کردمی بەهۆی بێزاری‌و ناڕەـ حەتی تـــۆ .. پـــڕ بەدڵ پەشیمانم .

بەڕێوەبەر سەیرێکی کـــردو کردو دەستی ڕاتەکاند ، لەوەی ئەکرد گوتی :

.. وەك بیەوێ لەخـــۆی دوربخاتەوە ، ئەوەندەی نەمابوو هەڵبشاخێتە رووی ، دەرگاکەی لەرویا داخست‌و گوتی :

ـ چیتە ، بەڕێز ئەتەوێ پێم ڕابوێری ؟

شێر فیاکۆف کەوتـــە ووت‌و وێر :

ـ من ، من گاڵتـــەت پێ ئەکەم ، مـــن چی‌وام نەکردوە لەبیر چوو .. گەیشتە سـەر مایەی ڕابواردن بێ ، باشە چی شەقام ، بەرەومال کەوتە ڕێ . بکەم کەتێم ناگات .. باشە ، لەرێگادا سەدەها سەرسمی دا ، ئێتر داوای بەخشینی لێ ناکەم ، تا بەخۆی زانی را لەماڵەوەیە .. قیرو جەهەنەم .. کاغەزێکی بۆ خۆی کوتایە سەر تەختەکەو هەر ئەنوسم و بەس .. بەجلە ڕەسمیەکانیەوە ، کەوتـــە

لار ئەبوەوە .. بەڵام کاغـەزەـ کەی پێ نەنوسرا ، چونکە هەر لە بیرکردنەوەبوو ، نەیئـــەزانی چۆن ئەو ووشانە بەســـەر کاغەزەکەدا دارژێنی . تا بەیانی هەمیسان رۆیشتەوە لای بـــۆ ئەوەی هەڵەکەی خـــۆی ڕاس‌ـ کاتەوە . کـــە گەیشـــتە لای بەڕێوەبەر ، پێی گوت :

ـــ گەورەم منقـــەت زاتی ئەوەم نەبوە تۆ پەرۆش بکەم .. تۆ دوزنێ وا تێگەیشتی کـــە گوایەمن بەتۆ پێکەنیوم .. من هاتبـــوم داوای بەخشینت لێ بکەم .. ئێمە گەر بەخەڵك پێ بکەنین ، بێگومان هیـــچ ڕێزو حورمەتێك لەنێوانا نامینێ ... ڕێز گرتنی بەڕێوەبەرەکان !

بەڕێوەبەر ، وەك بڵـــێی بوەرێ .. دەم‌و چاوی خۆی گرژ کردو شـــڵەژاو لەرزگرتی‌و گوتی :

ـــ دەدەرچۆ ، لێـــرە ، دەرچۆ ...

بەڕێوەبەر ئەمەی دوبـــارە کردەوەو بـــە پێیەکانیشی زەویەکەی بەردەمی ئەکوتی . شێرفیاکۆف هەستی بەدابڕان‌و بەپچرانێك کرد کە لەناو هەناویا رویدا ، هێدی هێـــدی بەرەو دەرگابووەوەو خـــۆی بەتەواوی

ئەمە ووت‌وێری شێرفیاکۆف کیانەلاو مرد بوو ، لەو ئانەی کە بەرەو ماڵ

پاشماوەی چاو پێکەوتن

شیخ زۆر جار منی گرتۆتە باوەش ، مامۆســـتا زیوەر شیعری بۆ شیخ مەحمـودی نەمر ئەنوسی ئەمەش هانی دام کە شیعر بنووسم .

ـ کام شاعیرت لە لا پەسەندە .

● ئەخۆل ، رەمزی مالا مارف ،

ـ لە ماوەی ئەم ژیانە دورو درێژەتا چ پەنـــدو فەلسەفەیەکت بەدی کردوە

● لە ژیانما پیاوی ناودارم دیوە ، لەگەل هەندێك لە مەلیك‌و پادشایانا قسەم کردوە ، نامەم بۆ هەندێك وەزیر لە ئەستەمول ناردوە ، زانســـتی ئەدەب‌و هونەرم وەرگرتوە ، لەگەل شورشی شیخ مەحمودا بوم ، شارەزای زمانی خۆم بوم ، کە ئەمانە بـــە پەندو حکیمەت‌و فەلسەفەی ژیان ئەزانم .

ـ شیعری تازە چیت هەیە .

● ئەم شیعرەم لە تەموزی ١٩٧٤ دا نووسیوە :

لە ئەهلی ئەم جیهانە مدەتێکی زۆرە من دورم
نە دێنە لام نە ئەحوالم ئەپرسن ، هێندە مەهجورم
لەناو بەحری گوناهاوا خەریکم غەرق ئەبم ،لکن
خوا چونکە غەفورە،هەر بە لوتفی بەندە مەعزورم
بە نوری حەق ئەگەر بێت‌و بسووتێم دور نیە چونکە
بە قەد کێوی ئوحود بارە گوناهم وەك کەژی تورم

پاشماوەی // پۆستەی خوێنەران

ڕێگای مەکتەبم ئەگـرم
.. .. ..

★ کاك رەشاد نانەکـەلی :

هەرچەند یەکەمجـــارەجەنابت نووسراومان بۆ بنێری بەلام (خوا موعینی حالە) ئەوچیرۆکە دورو درێژەتان کـــە نـــاوی (ژانـــی روداوی‌دالانەکەیە) جگە لەوەی کـــە ناوەرۆکەکەی لەگـــــەل ناوونیشانەکەی نە ئەگونجـــا ئەوەندەش رەمـــزو رەمـــزکاریەکەی ئالۆز بوو ..(قسەی خۆمان بێ) وا بزانم مەبەستی‌چیرۆکەکە کەسێکی تایبەتی‌یە ، وتمان ئەوەك لێمان برەنجـــێ‌لەبەر ئەوە بلاومان نەکردەوە ، تکایە ئەگەر نووسینت بـــۆناردین باسی ئەم‌و ئەو نەکات .

★ کاك ئەنوەر نەقشی :

چاو پێ کەوتن‌و گفتوگـــۆکەتان لەگەل پاڵەوانـــــە وەرزشـــکارەکەدا بلاوکرایەوە .. بەلام ئەو دو پارچـــــە شیعرەی شاعیر عەلی باپیر ئاغاکە بۆت ناردبوین،پارچەیەکیان هەر لەم ژمارەیەدا لەگەل چـــاوپێ کەو تنێکی‌شاعیرو کاك‌ساجد ئاوارەدا بلاومان کردۆتـــــەوەئەوی تریشیان بۆ کاتێکی تـــر وە زۆر سوپاسی هەســـــتی‌دۆستایەتی بەشدارانی گوشەی خوێنەران ئەکەین .

پاشماوەی هەتاو

ئینوویەتی‌یان بە خۆرناشـــکێ ، سنوورێکی فرەوان‌و چوار سەد ماچی‌خۆر بە زەردەپەڕێکی دیوارێکی تەسك ، هـــــەر ئێوارەی سێبەر دەفرۆشن .. هەناسەیەك گلێنە مەشخەلێکی چونکیم سێبەر دەم‌و چاویـــان گرگرتووە ، زۆران بـــازی ناقلیشێنی ، ڕوالەتیـــــان سەرشانۆیە ، شانۆ ئەکتەرێکی دەرەنگێنێ .. کۆترە بـــــاڵ ناراست یەك بە کۆمیــدیای هەلکروزوەکانی بناپێچی ئـــەم ئەفسانەکە بەکول دەگـــری ، لانەیە بێچوەکانیان بەجێ دێلن ئەوی تریان بە ڕەش بیـــنی .. دەست هەڵ دەگرن .. خەم داســـتانەکە پێ‌دەکەنی .. دەهێنن !

پاشماوەی ئەم هەفتەیە

هەمەوەندەکانیش دژی ئنگلیز ڕاپەرین .

ڕوداوی عیراقی‌و عەرەبی :

لە ١٩ی ئابی ١٩٢٢دا ڕاپەرینی ئەمین جەرچەفچی حیزبی دەستی‌پێ‌کرد .

لە ٢٠ی ئابی ١٩٤٤دا عەقید کامل شبیب لـــە سێدارە درا .

لە ٢١ی ئابی ١٩٦٩دا سەهیۆنیەکان گریان بەردایە مزگەوتی (ئەقسا) لە قودس .

لە ٢٣ی ئابی ١٩٢٧دا نیشتمان پەروەری میسری (سەعد زەغلول) کۆچی دوایی‌کرد .

ڕوداوی جیهانی :

لە ١٨ی ئابی ١٨٥٠ دا نوســـەری فەرەنسایی (بەلزاك) کۆچی دوایی کرد ئەوی شایانی باسە ئـــەم نوسەرە لە تەمەنی ٥١ ساڵیدا مرد کەچی ١٠٠ بەرهەمی لە چاپ دراوە .

لە ١٩ی ئابی ١٩٤٤ دا رومانیا لە جنگی ئەلمانیـــای نازی رزگاری بوو .

پاشماوەی چۆن لەئەڵەمانیا

جێ‌گیر کردن‌و نیشتەجێ بون‌و و جوتیار کـــە زەویان نەبوو گوزەرای زوربەی زۆری کـــۆچ هەریەکە (٨) هەکتار زەویان کردوەکان مسۆگەر بکرایە . درایە .

د ـ جەنگ ، کشتوکالی لە ناو برد بوو لە رووی ئابوریەوە مەرجی مادی وتەکنیـــــکی بۆ سەرکەوتنی دەزگا کشتوکالیە گەورەکانی نەهێشتبوو ئەبوایە زەویەکان دابەش بکرابانایـــەو سوودیان لێ‌وەربگیرایەبەدەست پێشکەری‌جوتیارە زەحمەتکێشی‌و کرێکارە کشتوکالیەکان لـــە پێناوی بەرهەم‌هێنان‌و مسۆگەر کردنی خۆراك بۆ گەل .

٩١١٥٥ کرێکاری کشـــتوکالی کوچەری .

٤٨٤٨٣ جوتیـار هـــەزار بێ‌جگە لەوە زەوی تریشـــیان درایە .

٢٣٢٣١ جوتیارە بچوکەکان بێ‌جگە لەوە زەوی تریشـــیان درایە .

٣٩٣٨ جوتیار زەوی‌تایبەتیان دانێ بۆ باخ‌و بێستان .

١٨٣٧٦١ کرێکـــــار بەش هەریەکەیان لە نیو هەکتار تـــا دوو هەکتار بوو بەشێکی ئـــەم دەزگا کشتوکالیە گەورانە لـــە سنووری مولکیەتی دەولـــەت‌دا مانەوە وە لەناویاندا کۆمەڵەکانی گەلی هەرەوەزی بۆ بەرهـــــەم هێنانی کشتوکال دروست بوو

چۆن زەوی سازی کرا ؟

لە هاوینی ساڵی ١٩٤٥ دا بەســـەرکردایەتی پارتی کۆمۆنستیی ئەلەمانیا بزووتنەـ وەیەکی گەلی بـــەرپا بوو بۆ زەوی سازی ، لە ئەنجامـــــدا یاسایەك بۆ ئەو مەبەستە لـــە لایەن ئیدارەی هەریمەکانـــەوە دەرچوو .

لە پێناوی جێ‌بەجێ کردنی ئەم یاســـایانە بەشـــێوەیەکی دیموکراتی‌و راستەقینە لەهەموو گوندێك‌دا ، جوتیارو کرێکـــارە کشتوکالیەکان‌خۆیان‌بەجێ‌بەجێ کردنی زەوی سازی‌یان گرتـــە ئەستۆ .

لەلادێ‌و شارە‌کشتوکالیەکانا (٩) هەزار لیژنە هەلبژێردرا کە (٦٠) هەزار ئەندامیان هـــەبوو لە باشترین دوژمنانی فاشیزم کە بریتی بوون «کومونستەکان سوشیالستە دیموکراتی‌یەکان ، نەقابیەکان ، بێ‌لایەنـــەکان ، کرێکار . کشتوکالیـــەکان ، جوتیارە هەژارەکان » .

ئەرکەکانی سەرشانی ئـــەو لیژنانە ئەمانە بوون :ـ

آ ـ پێوانەکردنی ئەو زەویە کشت‌وکالیانەی سەربەدەزگـــا گەورەکـــان بوون کـــەلێیان سەندرابووە .

ب ـ وورد بونەوە لەو داوا کاریانەی پێشکەش کرا بوو بۆ زەوی‌و جێ بەجێ‌کردنی .

ج ـ دابەش کردنی تاپۆی زەویەکان .

د ـ دابەش کردنی زەویەکان یا خستنە ژێر دەست بەڕێوەـ بردنی کۆمـــــەلی هەرەوەزی جوتیارو کرێکارە کشـــــت‌و کالیەکان .

ئەنجامەکانی زەوی ســـــازی چی‌بوو ؟

مولکی هەموو دەزگا کشت‌و کالیەکانی مولکدارە گەورەکان‌و نازیەکان‌و تاوانبارانی جەنگ‌و سەرمایەدارەکان کە لە (١٠٠) هەزار هەکتار زیاتر بوو بەبێ بژاردنەوە لێیان سەندرایەوە .

لیژنەکانی زەوی (واتـــە لیژنەکانی زەوی ســـــازی) دەستی گرت‌بەسەر (٣٢٩٨٠٨٢) هەکتار زەوی کـــە بریتی بوو (٣٥٪) تیکرایی پانایی ئـــەو زەویانەی بەکەلکی کشتوکال‌و دارستان ئەهاتن لـــە کۆماری دیموکراتی ئەلەمانیادا .

ئەم زەویانە بەم شـــێوەیە دابەش‌کرا :ـ

١١٩١٢١ کرێکاری کشتوکالی

لـــە ئەنجامی ئـــەم زەوی سازی‌یەدا چلو نایەتی‌پێك‌هاتنی چینایەتی‌دا دانیشتووانی گوندەـ کان گۆردرا ، چینی مولکدارە گەورەکان نەما ، (٢٠٠) هەزار جوتیاری نوێ لە ناو چینـــی جوتیارانی زەحمەتکێشی‌دا زیادی کرد ، دەزگا کشتوکالیـــەکانی ئەم چینەکە پانای هەریەکەیان لە (نیو) هەکتـــار تا (٢٠) هەکتار بوو ٧٠٪ی پانای ئەو زەویانەی بە کەلکی کشت‌وکال دێن گرتیانە ژێردەستی خۆیان . چینی کرێکار لەخەباتی سیاسی‌دا لەگەل زەحمەتکێشـــانی لادێ‌دا پەیوەندیەکی پتەویان لە پێناوی سەرخستنی زەوی ســـازی‌دا بەیەکەوە بەست .

جێ‌بەجێ‌کردنی‌دیموکراتیانەی زەوی سازی تا ساڵی ١٩٥٢ی خایاند واتە تا سەرەتای دەست پی کردنی گۆڕانی سوشیالستیانە لە کشت‌وکال لەولاتدا . بێ‌جگە لەوانەی باسمان کردن لـــەو ماوەیەشدا ئەمانەش‌کران :

ـ زۆر کردنی بەروو بوومی کشت‌وکال پێش جەنگ .

ـ بەهێز کردنی دەســـەلاتی سیاسی جوتیارە زەحمەتکێشەکان لە خەباتیانا دژی سەرمایەداران

ـ تەسك کردنـــەوەی بواری کردنی دەزگا سەرمایەداریەکان گرنگترین مەرجی زامن کردنی گەشە کردنی دیموکراتیانـــــەی زەوی سازی و رتنـــــەبەری سیاسەتیکی گونجاو لەگـــــەل بەرژەوەندیەکان چین کرێکـــارو جوتیار زەحمەتکیشەکان ئـــەوە بوو کە یەکێتی ئیش کـــردنی چینی کرێکار بهێنرێتەدی ئەمەش بەهۆی یەکخستنی هـــەر دوو پارتی کرێکار (پارتی کۆمونیستی ئەلەمانیاو پارتی سۆشـــــیال دیموکرات لەئەنجامی یەکگرتنی ئەم دوو حیزبە لەساڵی ١٩٤٦دا پارتی کرێکاران توانی ببێتـــە باورێکی سیاسی کە لە گەشـــە پێ‌کردنی سیستەمی دیموکراتی‌ـ یانەی دژ بە فاشیزم‌و هێنانەدی بەرژەوەندیەکانی تیکـــــرای زەحمەتکێشاندا کـــە بەردەوام بیت .

گفتوگۆیەکی وەرزشانە لەگەل کاك عەبدوڵلا بێباك

کاك ئەنوەر نەقشی یەکێکەلـــە دۆستانی رۆژنامـــەی هاوکاری‌و بە پێی ســـەلیقەی‌خۆی‌و دڵسۆزی بەرامبەر بـــە رۆژنامەکەمان ئەم دەمەتەقێیەی‌لەگەل کاك عەبدوڵلا بێبـــاك پالەوانی لەش جـــوان‌و وەرزـشکاری ئاسن بەرز کردنەوە لـــە یانەی وەرزشی سلیمانیـــداکردوە ئێمەش ئەوا پوختـــەی گفتوگۆکە پیشکەش بـــەخوێنەران ئەکەین .

ـ هاوکاری ـ



ـ تکایە خۆتان بە خوێنەران بناسێنن :

● ناوم عەبدوڵلا بێبـــاك ئەحمەد فەهمی (جوانڕۆیی) یە لە ساڵی ١٩٤٦ لە شـــاری سلیمانی لەدایك بوم ، یەکەمین جار لەلای کاك یوسف فتـــاح دەستم کردوە بە وەرزشی ئاسن بەرزکردنەوە تاکو بوم بـــە ئەندامی یانـــەی وەرزشی سلیمانی ، وە لە پالەوانەیـــەـ کەی ساڵی ١٩٦٨دا کە یانـــەی خۆمان کردی بە یەکـــەم دەرچووم .

ـ چەند جار لەم یاریـــەدا سەرکەوتو بویت بۆمـــان باس بکە .

● ساڵی ١٩٦٩ لە پالەوانیەتی پاریزگای (ئەنبـــار)دا بە یەکەم دەرچوم ، وە لە یاری پالەوانێتی تازە پێگەیشتوەکانی عیراقا کە لە مسیب کرا دووەم بوم ، لە ساڵی ١٩٧٠ لـــە یاری پالەوانێتی لەشکردا دیســـان دووەمیم وەرگرت ، هەروەهـــا ساڵی ١٩٧٢ بە ناوی تیپـــــی سێیەمەوە بەشداری پالەوانێتی لەشکرم کردو لە ئەنجاما بـــە سێیەم دەرچـــوم .. دوا یاری کردنم لە ساڵی ١٩٧٤ دا کرد لە مەلبەندی لاوانی کاظمیە کـــە پێیان ئەوت (پالەوانێتی عیراق) دیسان بەسێیەم دەرچوم .

ـ بێجگە لە ســـەر پالەوانێتی لەش جوانی کە هاوبەشیت تیا کردوە .

● ئەوانەی بەشداریم تیـــا کردوە ئەمانەن :

پالەوانێتی ناوچەی ژوورو لە ساڵی ١٩٧٢ دا لە شاری هەولێر بە یەکەم دەرچوم لە بالا بەرزیدا ، وە لـــە جوانی لەش‌دا لە پالەوانێتی تازە پێگەیشتوەـ کانی عیراق لەویش لـــە ساڵی ١٩٧٢ دا پێنجەم بووم .

ـ ئاواتی ئێستات چیە ؟

● حەز ئەکەم لە پالەوانێتی عیراقا ببمە یەکەم‌و بۆ پالـــەـ وانێتی هەمو کیشوەری ئاســـیا هەلم بژێرن .

ـ دوای سەرکەوتن‌و بەدی هاتنی ئاواتەکەت ئەکەم .

● سوپاس

کچە ئەکتەرێك گۆرانیـــەکانی برتولت بریخت پێشکەش ئەکات

محی‌الدین شـــێخانی

فێرا ئۆلشلیگل یەکێکە لـــە بەناو بانگترین ئەکتـــەرانی کۆماری ئەلمانیـــای دیموکراتی وەجگە لەوەی ئەکتەرە ، گۆرانی بێژیشە .

ئەوەی راستی بێ لەسەرەتادا شکستییکی باشی وە دەســـت هێنا . چونکە لـــە دوای تاقی کردنەوەی بۆ وەرگرتنی لەیەکی لە ئامۆژگاکانی نوانـــدن ، رای لیژنەی تاقی کردنـــەوە ئەوەی دەرکاند کە (بۆی دەکرێ) ببێ بە هەموو شتێك ، تەنیا ئەکتـــەر نەبێت) بەلام ئەم قسانە (فێرا ئۆلشلیگل) ی راکێشـــاو وای لێ کرد بـــەو پەڕی گوڕج‌و تۆلیەوە خۆی ئامادە بـــکاو جارێکی تر بۆ تاقی کردنـــەوە بچێ ، لەم کارەش‌دا سەرکەوت‌و لە دوای پرۆڤە کردن‌و راهێنان لێ‌هاتوویی خۆی لەسەر شانۆ دا سەلماند .

فێرا ئۆلشلیگل شان بەشانی نواندن ئارەزوییکی تری کۆنی هەبوو ئەویش گۆرانی گـــوتن بوو . گۆرانی گوتنیشی تەنیـــا ئارەزوییێك نەبوو کە هەر لـــە زووەوە خولیای کەوتبوە سەری بەلکو پیشەی دوهەمینی بوو .

بێگومان توانستی نوانـــدن بەر لە هەموو شتێ بووە هۆی ئەوەی کە ئەوشۆخە بـــە جوانترین وپوخت ترین شێوە ، گۆرانی ڕەسەن‌و هەســـــت بزوێنەر بلێت . فێرا ئۆلشلیگل هۆنراوەکانی برتۆلت بریخـــت وئەریش فاینـــــرت وکۆرت تۆخۆلسکی و هی چەنـــد شاعیرێکی هاوچەرخی بە پەسند زانی .

لە بەرنامەیەکی تەلەفریۆنـــدا چەنـــد گۆرانی‌و هۆنراوەی بریختی بە توانایەکی هونەری‌ـ یەوە پێش کەش کرد ، وەئەوەی شیاوی باســـە گۆرانیەکانی بەگەلێك شێوە پێش کەش کرد .

شانۆ رەسەنەکانیش بۆ ئـــەم مەبەستە بە چاوی ریزەوە باوەـ شیان بۆ ناوەڕۆکی ئەو گۆرانی‌و هۆنراوانە کردەوە .

پاشماوەی ڕەنگی شین

باسکردووە کە یارمەتی نووستن هێمنی ئەدات بەهەست‌و ، میشك ئەدات‌و مرۆڤ ئەتوانێت بۆ خەو ئەحەسێنێتەوە ، وە گوێ گرتن لە خۆخستن کەلکی لێ ببینێت لە مۆسیقای هێمـــــن ئەویش . لەو ئامۆژگاریانە ، خـــۆ کارێکی بەکەلکە بۆ خەولێکەوتن شتشتن لەپێش نووستندا ، وەیا وەیا ژمارەکردن لەیەکـــەوە نووستن لـــە ناو چەرچەفی هەتاوەکو سەد .. شین‌دا ، کە ئەمە یەکێـك بووە ئەنجا ماوەتەوە سەر ئەوانەی لەو فیلانەی ســـەرەك وەزیرانی زوزوو ، یا ناو بەناو خەویان لێ کۆنی بەریتانیا چەرچل بەکاری ئەزرێت چەند کەلك لـــەم هێناوە ، چونکە رەنگی شین ، ئامۆژگاریانە وەرئەگرن ؟

بۆ نووسەرانی کورد

مژدەی دەرچوونی گۆڤاری (فولکلۆری کوردی) لەلایەن دەزگای چاپ و بلاو کردنەوەی کوردی‌یەوە ئەدەین بەگوێی هەموو نووسەرو خوێنەرێکی خۆشەویستی کورددا ، جابەم بۆنەیەوە بەگەرمی داوا لە هەموو نووسەرێکی بەرێز ئەکەین کەکێ باس و کەرەسەو بابەتی فولکلۆری لایە بەناونیشانی (بەغدا ، شەقامی جمهوری ، ساحەی خلانی - دەزگای چاپ و بلاو کردنەوەی کوردی - گۆڤاری فولکلۆری کوردی) بۆمان رەوانە بفەرموێ تا ئێمەش بەشانازی‌یەوە لەسەر لاپەرەکانی ئەو گۆڤارە بلاویان بکەینەوە ، هیوادارین نووسەران نرخی ئەم دەرفەت و ماوەیە وەك خۆی بزانن و لە بەهرەو بەرهەم و کەرەسەی سوود بەخش ئەم گۆڤارە ساوایە بەسەر بکەنەوەو بێ‌بەشمان نەکەن .

گۆڤاری فولکلۆری کوردی



مرۆڤ بەبێ پەروا رۆژ بەدوای رۆژدا زیاتر بەرۆکی سروشت ئەکاتەوەو ، بەناو جەرگی نهێنیەکانیدا رۆئەچێت .. کەچی وەکی تر لەگەل رووی پێشکەوتنی مرۆڤداو ئەوهەموو دەست کەوتە زانیاری و زانستیانەشدا کەدەستی خۆی خستووە، وە سەرەرای ئەو مۆرکی پێشکەوتنانەی لە ناوچەوانی سروشتی داوە .. کەچی هێشتا دەستەپاچەو سەرسامە لەلێکدانەوەی زۆر نهێنی وادا ، کە بەرووکەش کەم بایەخە ، وە لە راستیدا ، ئەوەندەی لێی نزیك‌تر بیتەوە زیاتر مەسەلەکانی ئالوزتر ئەبێت و بنکەی قولتر ئەبیتەوە ..

نوستن و خەولێ‌زران و چالاکی و کاری مێشك لەکاتی خەولێ‌کەوتندا ، ئەو گرێ کوێرەیەیە ، کە زۆر لە شارەزاو پیسپۆرو زاناکان ، شەو ئەنێنەسەر رۆژ بەهیوای کردنەوەی چونکە بەرای ئەو زاناو پسپۆرانە ئەو شتە وردو کەم بایەخانە کلیلی کردنەوەی دەرگای زۆر نهێنی گەورەی سروشتن .. وە هەر ئەوانەشە وەرامی زۆر لەو پرسیارانەیان پێ ئەدرێتەوە کەهەتا ئەمرۆکە مرۆڤ بە هەموو دەسەلاتێکی گەورەی زانیاری‌خۆیەوە نەیتوانیوە وەرامیان بداتەوە ..!!

زانستی نوێ باوەری لەگەل باوەرە کۆنەکاندا دەربارەی خەولێکەوتن جیاوازە ، جاران وابا‌وبوو کە نووستن مردنێکی مۆقەتە ، لەبەر ئەوەی مێشك لەکاتی خەولێکەوتندا هەموو چالاکیەکانی ئەوەستێت !! کەچی زانستی ئەمرۆ ئەو باوەرانەی هەموو پوچەل کردۆتەوە ، بەبەلگەوە سەلماندوویەتی کە مێشکی مرۆڤ بە نووستوویش‌هەر لە ئیش ناکەوێت بەلگەی ئەم باوەرەشی ئەوەیە ، کەهەموو کەسێك لە حالەتی نووستندا شەوێ زیاد لە ٣٠ کەرەت ئەم دیواو دیو ئەکات و بە درێژایی ماوەی نووستنەکەی لە تەپاوتل ناکەوێت .. وە لە هەناسەداندا هەر هەشت سەعاتەی ١٦٠ لیترە ئۆکسجین کار ئەکات و ١٣٠ لیترەش غازی کاربۆن لەخۆی دوورئەخانەوە. یەکێك لەو کتیبانەی هەتاکو ئیستاکە دەربارەی نووستن و خەو بینین نووسراوە ، ئەو کتێبە ٣٠٠ لاپەرەیەیە کە ژنێك لەو شەوانەدا خەوی لێ زراوە داینا‌وە ، وەك رێ نیشاندەرێك کە چۆن کەسێك خەو لە خۆی بخات !!

نووسەرەکە لە کتیبەکەیدا ئەلێت .. دوژمنی هەرە گەورەی نووستن دەنگە دەنگە ، مرۆڤ زۆر بەزەحمەت و گران ئەتوانێت بخەوێت ئەگەر پلەی دەنگەدەنگ ٤٠ دیسبیل بەرزبێت (دیسبیل ، بۆپێوانەی بەرزی و نزمی دەنگ دانراوە) .. جا نزمی دەنگ‌دانراوە) .. جاکەوا بوو با پێوانەی هەندی دەنگ بکەین .. چرکە چرکی سەعاتی دەست (٣٠) دیسیبل دەنگی بەرزە ، ئەگەر دوو کەس لە جێگایەکدا بە شێوەیەکی ئاسایی بەیەکەوە قسە بکەن بلندی ئەو قسەیە (٥٠) دیسیبل ئەبێت ، زەنگی تەلەفۆن بەرزێکەی ٦٥ دیسیبلە ، بەرزی دەنگی هۆرنی ئۆتۆمبیل ١٢٠ دیسیبلە هەر لەبەر ئەوەیە هۆرن لێدان لە باریدایە گەرەکێك لە خەو بکات ..

نووسەر چەند شتێکیشی

لاپەرە - ٧

ئاوڕێك لە رابوردوو

ئامادەکردنی : ئارام

رۆژنامەی (بانگ کردستان)،وەك خۆی سال ١ ژمارە ٤ دوشمه ٥ محرم ١٣٤١ ، ٢٨اغستوس ١٩٢٢ .

(سمکو)

وکو خبرمان زانیوه لەاطراف

وکو خبرمان زانیوه لەاطراف (شرفخانیه) (لە سر رەی تبریز لە ساحل شمال گول‌اورمیه) لشکر سمکو لە کل لشکر عجم شریکی بەشدتیان‌بوه کردان غالب وعجم وەکو پیشو هر مغلوبن .

× ×

نظر بە مسموعات قسمیك لەبانەیی ومریوانی خریکن لە کل هورامی بەشربین .

× ×

هورامی بە قوت‌ترن‌وجیکایشیان بو مدافعه محکمتره خدا بکا فتنە لەبین أم دوطایفەیەدا لاچی .

× ×

بنا بە مسموعات لە طایفەهموند فرقه رشەوند همویان لە کل طایفه بکزاده لە آوی زی‌کویه عبوریان کردوه بعضیکیان چون بو لای سمکو وبعضیکیشیان لەناو جماعت رواندزی‌دان .

× ×

لەم روژانەدا وەکو خبرمان‌زانیوه زور ضابطان و مأموران عثمانی کە لە انادول و سوریەبون بو ولایت موصل و بغداد عودتیان کردوەتەوەو لەهاتنەوەدان .

(پیشکوتن)

سال ١ ژمارە ١٨ روژ پینجشمه ١٠ ذی الحجه ١٣٣٨ ٢٦ اوکوست ٩٢٠ .

کورین

مدیر پولیس حاجی اغا بوبەمدیر قرەداغ . مدیر قرەداغ محمد فوئاد بك بوبه مدیرتانجرو . مدیر تانجرو عونی افندی بوبه مدیر پولیس .

مدیر سورداش احمد بك‌بو مانکیك کە تماشای هنی ایشی خوی بکات‌ایزنی وەرکرتوه‌عبدالحمید افندی کاتب تحریر بلدیه کرا بو کیل احمد بك . لە جیکای عبدالحمید افندیش فخری بك مأمور مال پیشوی‌ماوت دانراوه .

× ×

ق . ب

فیصل لەکل فرانسەدا ری‌کوت . نورەی دوزینەوەی دوژمنی ناو جرکی‌یه .

× ×

دانیان لە ایسقان کاوناکا . کلکیان لە بناقرتا .

× ×

اشتی امضا کرا . موربوبەدلی هننی کسه وەنرا .

بەکۆمەل هەلزنان

لە هاوینەهەواری ناوچە دارستانەکانی تۆرنفین لە ئەلەمانیای دیموکراتی ٨٠٠ کەس لە وانەی کاتی پشودان لەو هاوینە هەوارەدا بەسەر ئەبەن بەکۆمەل ئەیانەوێت بە شاخەکانی بێربرگ‌دا هەلزنێن بەرزی ئەو چیایە هەزار مەترەیە ، ئەوەی شایەنی باسە ئەو ٨٠٠ کەسە لە هەموو تەمەنێکی تیادایە بەژن و پیاو منداڵەوە .. ئەوەش وێنەی بەشێکی خەلکەکەیە لەسەرەتای گەشتەکەیاندا .

بەوردی بیری لێ بکەرەوە

« دیموند ماکارثی »

بە وردی بیری لێ بکەرەوە !

- ئەوی بالەخانەکەی شوشە بەندبێت نابێ بەرد لەکەس بگرێت .
- ئەوی لەسەر چەقی رێگابنیات بنێ ئەبێ لەخەلکیش بگەرێ قسەی خۆیان بکەن .

پیشانگایەکی پەیکەرتاشی

ماوەیەك لەمەوبەر پەیکەرتاشی چیکۆسلۆفاکی بەناوبانگ جیندرێتشی وایلد غاس ، پێشانگایەکی بۆپەیکەرەکانی لە شاری براغی پایتەختی چیکۆسلۆفاکیادا کردۆتەوە ، هونەرمەندی ناو براو لەو پێشانگایەدا هەندی دیمەنی ئیش کردن لە کانە خەلوزەکانی شاری (ئۆسترافا)ی نیشان داوە کە خۆشی لەو شارەدا لەدایك بووە .. ئەوەش وێنەی هونەرمەند وایلد غاسە لە جێگای ئیش کردنەکەیدا لەگەل هەندێك لە پەیکەرەکانیدا .

بالاگەت بەرزە
بەهەند چنارێ ..
لێ نۆی لەمن کرد
بەردی لێ بارێ

جوانی تێ ئەگەی ؟



منیش لەگەلتام ، راستە وێنەکە سەیرو سەرنج راکێشە! بەلام پێویست بەوەناکات خۆت ماندوو بکەیت .. فیلت لێ نەکراوە ! شتەکە زۆر روون و ئاشکرایە ... تەماشاکا .. دەتەماشاکەو لێی‌وردبەرەوە . ئەفسانەیەکی هیندستانێکان نی‌یە ...!!

هێلانەیەکە .. بەلی ، هێلانەیەکەو لەسەر ئەو زریزانەبەند کراوە ئاوارەپ راوستاوە ، وەك بەچاوی خۆت ئەی‌بینیت .!!

چۆن راوەستاوە ؟. ئەواپێت ئەلێم ...!!

ئەو زنجیرە ئەستوورەی لە ناوەراستائەی بینیت ئەلقەکانی بەیەکەوە لەحیم کراوە ، بەوچەشنە وەك کۆلەکەی لێ‌هاتووەو هێلانەکەی راگرتووە زنجیرە باریکەکانیش جەمسەری هێلانەکانیان گرتووە بۆ ئەوەی با بەملاولادا نەیخات .

لەوانەیە بروا نەکەیت !!

لە مۆزەمبیق منالێکی ساوا لە شەمەنەفەرێك کە بە خێرایی ٥٠ کیلومەترە بەرەو لۆرنس‌مارکیزی پایتەخت رۆیشتووە ، لەکاتی شوشتن و پاکردنەوەیدالە دەستی دایکەکەی هەلخلیسکاوەو لەشەمەنەفەرەکە بەربۆتەوە خوارێ ، وە زیاد لە چوارفارگۆنی بەسەردا رۆیشتووە ، کەچی رێکەوتێکی سەیر لەوەدایە ئەو منالە هیچی لێ نە هاتووە ، پاش ماوەیەك خەلکی‌دێهاتی ئەو ناوچەیە منالەکەیان لە نیوان هەر دوو خەتەکەدا بەسەلامەتی دۆزیوەتەوە وبردوویانەتەوە بۆدایکەکەی ،

کامەیان چاکترە ؟

شارەزاکانی مەیدانی کرین و فرۆشتنەوەی ئۆتومبیل لە شاری لەندەن ئەلین .. لە چەند مانگی ئایندەدا لەوانەیە نرخی ئۆتومبیل زیاد بکات بەتایبەتی ئەو ئۆتۆمبیلانەی لە نێوان سالی ١٩٤٨ و ١٩٦٠ دا دروست کراون ئەویش لەبەر ئەوەی ئەو ئۆتۆمبیلانەی لەوە بەدواوە دروست کراون ئەوەندە تۆکمە نین ، بۆیە خەلکی ناچار ئەبێت ئەو جۆرە ئۆتومبیلە کۆنانە بکرن .

✧✻✧

٢٠٠ کیلو کلیل

هاوولاتیەکی پۆلونیایی لە شاری رادۆمسکی خوویداوەتە کلیلە کۆن کۆکردنەوە ، هەتاکو ئیستاکە ٤٢٧١ کلیلی کۆکردۆتەوە ، قورسایی ئەو کلیلانە ٢٠٠ کیلۆغرام ئەبێت ..

درێژ ترین کلیل لەو کۆمەلە کلیلەدا یەکێکیانە کە ٨٣ سانتیمەترە درێژیەتی وەختی خۆی ئاسنگەرێك بەبەر دووکانەکەیدا بۆ جوانی هەلی‌واسیوە ، وە بچوك ترین کلیلیشیان ئەوەیانە ٤ ملیمەترە ئەبێت ، ئەویش هی‌داخستنی زنجیری سەعاتێك بووە ..

گورچیلە

بەردی

دکتۆرە جەراحەکان ئەلێن . مەرج نی‌یە کەسێك بۆ دەرهێنانی بەردی گورچیلەی کە عەمەلیات کرا ، ئیتر جارێکی تر ئەوکەسە بەرد لە گورچیلەیدا هەل نەداتەوە ...!!

رێك ئەکەوێت کە سێك چەند جارێك عەمەلیات بکرێت و جار لە دوای جاریش دیسانەوە بەرد لە گورچیلەیدا کۆ ببێتەوە.. ئەم ژنە دانمارکی‌یە کە ناوی خاتو داغمار (بیورنیشتادت)ە یەکێکە لەو کەسانەی چەند جارێك بۆ بەرد دەرهێنان لە گورچیلەیدا عەمەلیات کراوە ، وە ئەو بەردانەی لە گورچیلەیدا دەریان هێناوە گەیشتوونەتە (٧١٩) بەرد .. ئەویش ئەو بەردانەی کۆ کردۆتەوە وێنەی خانوکەی خۆی پێ نەخش کردووە وەك پارچە دیکورێك لە ناوماڵدا دایناوە ..

تلیتریم



« تلیتریم »

تلیتریم ناوی جۆرە زۆپایەکە لە فەرەنسا دروست کراوە ، پێش ماوەیەك لەمەوبەر لە پیشانگەی (باتیما) دا نیشان درابوو .. ئەو زۆپایە بە هۆی تیشکی (فوق الحمراء) ئیش ئەکات .. یەکێك لەچاکەکانی ئەوەیە گەرمایەکی هاوسان ئەدات بەو جیگایەی لێی دائەنرێت ، وە زیاتر لە هۆلی سینەماو شانۆ و کارگە ، یا کۆگاگەورەکاندا بەکاردێت .. ئەوەش وێنەی ئەو زۆپا تازە بابەتە‌یە !!



ئاگاداری‌یەك لە رۆژنامەی هاوکاری‌یەوە

- داوا لەنووسەرو خوێنەرانی بەرێزی هاوکاری ئەکەین ، ئەوانەی نووسینمان بۆ ئەنێرن ، هەرکەسە ناونیشانی تەواوەتی خۆی‌مان بۆ بنوسێ بۆ ئەوەی کە بەرهەمەکەی بلاوکرایەوە هەقەکەی نەفەوتی .

هاوکاری